دیوانی شێخ ڕەحمەدی شێخ غەنی

«فەوزی»



ئامادەکردن: سدیق سالح

دیوانی

شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی

’فەوزی‘

بنکەی ژین

بنکەی ژین

دیوانی

شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی

'فەوزی'

ئامادەکردن

سدیق ساڵح

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠١٩

سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە

سدیق ساڵح

زنجیرە: ١٨٦
کتێب: دیوانی شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی 'فەوزی'
ئامادەکردن: سدیق ساڵح
پیتچنین: سەهەند
لەقاڵبدان: لاس
خەت و رووبەرگ: ئەحمەد سەعید
ژمارەی سپاردن: ٢١٢٥ی ساڵی ٢٠١٩ی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی ژین
ساڵی چاپ: ٢٠١٩

بنکەی ژین

لە بڵاوکراوەکانی بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین
عیراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی. شەقامی پیرەمەگروون. گەرەکی بەرانان ١٠٧
ئاسیا: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٢ یا ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یان ٠٧٧٠١٥٢٢٨٩٦ س. پۆست: ١٤ بەختیاری
پێگە: www.zheen.org ناونیشان: zheen@zheen.org

(بەڕێز پارێزەر خاتوو چرۆ شێخ ڕەزا

خەرجیی لەچاپدانیی کێشاوە)

ڕوونکردنەوە

خوێندەواری بەڕێز

ساڵانی ٢٠١٣-٢٠١٤، لە خزمەتی خودابەخشیو مامۆستا محەممەدی مەلاکەریمدا، یادی بە خێر، پێکەوە خەریکی پێداچوونەوە و ئامادەکردنی دەستنووسی "دیوانی سالم- عەبدوررەحمان‌بەگی ساحێبقران" بووین، کە خودابەخشیوان مامۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەڕریس و کاکەفاتیحی کوڕی بە تەواونەکراوی لە پاش خۆیان بەجێیان‌هێشتبوو. تێکەڵیم لەگەڵ ئەو بنەماڵە بەڕێزە، دەرفەتی بۆ ڕەخساندم جاروبار -بە ئاگاداریی خۆیان- هێندێ لە کۆکراوە گرانبەهاکەی بە ئەمانەت وەربگرم و لە "بنکەی ژین" وێنەی ئەلکترۆنییان بگرمەوە و پاشان -بە پێزانینەوە- بۆیان بگێڕمەوە.

دەستنووسێکی "دیوانی ئەحمەد فەوزی" یەکێک بوو لەو شتانە کە کەوتە بەرچاوم و نیشانی کاکەحەمەم دا. فەرموویان: "کاتی خۆی ڕەحمەتی شێخ حەسیبی کوڕی شێخ ئەحمەد فەوزی خۆی هێنایە بەغدا و سپاردی بە من، تا ئامادەی بکەم بۆ بڵاوکردنەوە. بەڵام سەرقاڵیم بە گەلێک کاری دیکەی نووسینەوە و نەپەرژانم تا کاتێکی بۆ تەرخان‌بکەم، کارێکیان کرد -بە داخەوە- تا ئێستا نەتوانم دەستی بۆ ببەم و ئاوا بە دەستنووسی بمێنێتەوە."

لەبەرئەوەی بەڕێزیان لە ساڵانی کۆتاییی تەمەنی‌دا -بە داخەوە- لەبەر نەخۆشی لەسەر جێگە کەوتبوو و تین‌وتوانی ئەوەی نەمابوو ئەو کارە و کۆمەڵێک پرۆژەی دیکە بە تەواوبوون بگەیێنێ، بە متمانە سپاردی بە بەندە، تا لە هەلێک‌دا ئامادەی بکەم بۆ چاپ. ئیدی لەو دەمەوە ئەو دیوانە بوو بە یەکێک لە پرۆژەکانم.

ئەم ڕۆژانەی دوایی تەمووزی ٢٠١٩ پاریزەر خاتوو چرۆی شێخ ڕەزای کوڕەزای شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی، لە ڕێگەی بنەماڵەی مامۆستا محەممەدی مەلاکەریمەوە، پێوەندیی گرت و لە دیوانەکەی پرسییەوە. کە زانیی لەمێژە ئامادەمکردووە و لەبەر تەنگانەی دارایی لەچاپنەدراوە، بە سپاس و پێزانینەوە ئامادەگیی نیشان دا خەرجیی لەچاپدانی بکێشێ.

ئەمەی بەردەست کۆکراوەی -کەموزۆر- سەرجەمی شیعرەکانی شاعیرە، هیوایە جێگەی شیاوی خۆی لە کتێبخانەی کوردیدا بگرێ.
شایانی باسە، بەڕێز مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی بە ئامادەکراوی کتێبەکەدا چووەوە و چەند سەرنجێکی بەجێی لە بارەیەوە خستەڕوو. دواجار سپاس بۆ خاتوو چرۆ کە دەستپێشخەریی نواند و کارێکی کرد بچمەوە سەر ئەم دیوانە و پاش پێداچوونەوە و وردکردنەوەیێکی پێویست، بەم شێوەیە بکەوێتە بەردەستی خوێندەوارانی کورد.

سدیق ساڵح
پێنجشەممە، ٢٠١٩/١٠/٩

سەرچاوەکانی ئەم دیوانە:

١. دەفتەرێکی پێوانە ٢٠×٣×٢٠سمی بەرگی ڕەق تێگیراو و سەدلاپەڕەیی خەتدار، هەر ٩١ لاپەڕەی لێ ماوەتەوە؛ لەوە ٧٩ لاپەڕەی سپییە و هەر ٢٤ لاپەڕەی پڕکراوەتەوە بە شیعرەکانی شاعیر، کە بە دەستخەتی خۆی نووسیویەتەوە. جگە لەوە، شیعری کورتی شاعیرانی وەک شێخ مستەفای موفتی، شێخ عیسای نووربەخشی بەرزنجی، بێخود، حاجی میرزا عەبدوڵڵای کۆیی (خادیم)، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، شێخ نەجمەدینی بیارە، شێخ عومەری زیائەددین و شیخ نووری شێخ سالحی لەو لاپەڕانەدا تێهەڵکێش کردووە.

ئەم نوسخەیە کرایە بنچینەی کارەکە. نوسخەکە، هەرچەندە خەتەکەی -بە گشتی- خۆشخوێنە، ڕێکوپێکییەکی زۆری لە نووسینەوەدا تێدا نەنوێنراوە و هەموو شیعرەکانیی نەگرتووەتەخۆ، بە تایبەت ئەو شیعرانەی تێدانین کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی شاعیردا بڵاوبوونەتەوە. ڕەنگە شاعیر ئەم کۆمەڵە شیعرەی خۆیی لە دوادواییەکانی ژیانیدا نووسیبێتەوە.

ئەم دەفتەرە ٣٧ شیعر، ٧ پێنجخشتەکی، ٦ چوارینە، ٥ شەشینە و ١ تاکەشیعر (فەرد)ی لە خۆی گرتووە. تێکڕای شیعرەکان بە کوردییە، هەر چوارینەیەک و شەشینەیەکی بە فارسییە.

سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ شیعرەکانی ناو ئەم دەفتەرە نووسرانەوە. هەر دەرفەتیش هەڵکەوتایە، سۆراخدەکرا بۆ بەدەستهێنانی شیعری دیکەی شاعیر. ئەنجامی ئەو تەقەلایە پەیداکردنی ئەم سەرچاوانەی دیکە بوو:

٢. دەفتەرێکی پێوانە ٢٠,٨×١٦,٥سمی خەتداری بەرگدار، کە لە "بنکەی ژین" پارێزراوە، لێی نووسراوە: "اشعاری احمد فوزی." دەفتەرەکە، لە بنەڕەتدا کۆگای سرۆچک لە سلێمانی لە چاپی داوە

بۆ نووسینی قوتابیان. ئەگەرچی ساڵی چاپی لەسەرنییە، بەڵام -بەبێ هیچ گومانێک- سەرەتای حوکمی کۆماری (سەردەمی عەبدولکەریم قاسم) چاپ و بڵاو بووەتەوە.

چل لاپەڕەی یەکەم، دەستخەتی خواڵێخۆشبوو نەجمەدینمەلایە و سەرناوەکەی "ئەشعاری ئەحمەد ئەفەندی کوڕی حاجی شێخ غەنی"یە. شەش لاپەڕەی ئەوەبەدوا یەکێکی دیکە چوار لاپەڕەی بابەتێکی جیاوازی لێ نووسیوە و ئەوەی دیکەی سپییە. شوێنی لێکردنەوەی ١٠ لاپەڕەی دیکەیش دیارە. خەتەکەی نەجمەدینمەلا خۆشخوێنە.

ئەم دەفتەرە ١٨ شیعر و دوو تاکەشیعری تێدان. لەوانە: دوو شیعر و تاکەشیعرێکی هەر لە بەرگی سێیەمی "مینای شکستە"دا هەبوون.

٣. بەرگی دووەمی دەستنووسی "مینای شکستە،" کە نەجمەدینمەلا ساڵی ١٣٥٨ک/١٩٣٩ز ئامادەی کردووە و لە "بنکەی ژین" پارێزراوە، پێنج شیعریی تێدایە.

٤. بەرگی سێیەمی "مینای شکستە"یش کە نەجمەدینمەلا ساڵی ١٣٥٩ک/١٩٤٠ز ئامادەی کردووە و -هەر لەوەبەتر- لە "بنکەی ژین" پارێزراوە، لاپەڕەکانی ١٩١-٢٠١ی تەرخانکردووە بۆ ئەحمەد فەوزی و ١٦ شیعر و ١ چوارین و ١ تاکەشیعریی تێدان. لەوانە، تەنیا شیعرێکی داشۆریی لە سەرچاوەکانی دیکەدا نەبوو.

٥. لە "دیوانی ئەحمەدحەمدیبەگ"ی دەستنووسی نەجمەدینمەلادا، کە ساڵی ١٩٣٤ ئامادەی کردووە، شیعری "تەقریظی ئەحمەد فەوزی بۆ دیوانی حەمدی" لە لاپەڕەی سەرەتای دیوانەکەدا نووسراوە.

٦. ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموودی حەفید: بانگی کوردستان ١ شیعر، ڕۆژی کوردستان ٣ شیعر و ئومێدی ئیستیقلال ٤ شیعری تێدایە.

٧. شیعرێکی لە ڕۆژنامەی "ژیانەوە"ی سێیەم خولی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیزدا لە سلێمانی هەیە.

٨. لە ژمارەیەکی ڕۆژنامەی "ژین"ی حاجی تۆفیقی پیرەمێرددا شیعرێکی هەیە.

٩. لە ژمارەیەکی خولی یەکەمی گۆڤاری "دەنگی گێتیی تازە"دا، شیعرێکی هەیە.

١٠. لە دیوانی "هۆنراونامە"ی دەستنووسی خوالێخۆشبوو ئەحمەد شوکری‌دا، کە بریتییە لە کۆکراوەی شیعرنامەی ١٧ شاعیر و خۆیشی بە شیعر وەڵامی داونەوە، نامەشیعرێکی هەیە.

بنکەی ژین

شاعیرانی ناسناو فەوزی:

ئەدەبیاتی کوردیی ئەم ناوچەیە، جگە لە ئەحمەد فەوزیی شاعیری جێگەی باس، چەند شاعیرێکی دیکەی تێدایە، هەمان ناسناوی "فەوزی"یان هەڵگرتووە و بەکاریانهێناوە:

١. شێخ عومەری زیائەددین کوڕی شێخ عوسمانی سیراجەددینی بیارە (١٨٣٩/٨/٦-١٩٠١/٢/١٢)، کە لە شێخانی نەقشبەندیی بیارەیە، شیعری گۆرانی، کوردیی ناوەڕاست، فارسی و عەرەبیی نووسیوە.[١]

٢. مەلاعەبدولعەزیزی موفتی، کوڕی مەلائەمین کوڕی مەلائەحمەدی چاومار (١٨٧١-١٩٤٧/٨/٢٠)، شیعری بە کوردی و فارسی نووسیوە و لە ڕۆژنامەی "پێشکەوتن"ی سلێمانی‌دا لێی بڵاوبووەتەوە.[٢]

٣. سەعید فەوزی، کوڕی قاسمئاغا لە بنەماڵەی ئاغاتەهای سلێمانی (١٨٨٩-١٩٧٤/٦/٢٤)، کە شیعری -هێندەی زانراوە- هەر بە کوردی نووسیوە و لە ڕۆژنامەکانی: پێشکەوتن، بانگی کوردستان، ڕۆژی

---

[١] بڕوانە: مەلاعبدالکریمی مدرس، یادی مەردان: شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان و هەندێ لە مورید و مەنسووبە دیارەکانیان، بەرگی دووهەم، (لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری عیراق- دەستەی کورد)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٣، ل١٣٩، ١٥١، ١٥٤، ١٥٦، ١٥٧، ١٥٨.

[٢] پێشکەوتن: یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی، ژمارە ١-١١٨ (٢٩ی ئەپریلی ١٩٢٠-٢٧ی جووڵای ١٩٢٢)، ئامادەکردن ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، (لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٧-٢٨.

کوردستان، ژیانەوە، ژیان و گۆڤاری دیاریی کوردستان‌دا بڵاوبووەتەوە و دیوانی لەچاپدراوی نییە، چونکە -بە داخەوە- فەوتێنراوە.[3]

٤. مامۆستا هێمن موکریانی لە پێشەکیی "تاریک و ڕوون"دا باسی ئەحمەد فەوزی ناوێکی خەڵکی سلێمانیی کردووە، کە مامۆستای بووە لە ناوچەی موکریان و شاعیریش بووە.[4]

بەڕێز کەمال عەبدوڵلاهی، نووسەری چالاکی مەهابادی، ژیاننامەی ئەو زاتەی بە وردی ساغکردووەتەوە و ناساندوویە. وەک دەرکەوتووە، ئەگەرچی بە ئەسڵ خەڵکی سلێمانی بووە، بەڵام ئەحمەد فەوزی‌یەکی دیکەیە.[5]

هیچ دوورنییە، لەپاڵ ئەمانەدا، شاعیری دیکەی ناسناو فەوزی هەبێ، یا نەناسراوبێ و لێی بێ‌ئاگابین، یان هێشتا زانیاریی لە بارەوە بڵاونەبووبێتەوە.

---

[3] بۆ ژیاننامەکەی بڕوانە: گۆڤاری دیاریی کوردستان ١٩٢٥-١٩٢٦: ژمارە ١-١٦، ئامادەکردن ڕەفیق ساڵح، لێکۆڵینەوە: نەوشیروان مستەفا ئەمین و سدیق ساڵح، (لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم)، چاپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٨٨.

[4] هێمن، تاریک و ڕوون: گوڵبژێرێک لە شیعرەکانی هێمن، (لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا)، (ساڵ و جێگەی چاپی نین)، ل١٠-١٢.

[5] بڕوانە: کەمال عەبدوڵلاهی، ئەوانەی بۆ گەل ژیان: مەلائەحمەد فەوزی، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ٧٣، خاکەلێوەی ١٣٨٦، ل١٠-١٣؛ ژمارە ٧٤، بانەمەڕی ١٣٨٦، ل٦-٩؛ ژمارە ٧٥، جۆزەردانی ١٣٨٦، ل٨-١١.

ژیاننامەی شاعیر:

شێخ ئەحمەد، کوڕی شێخ غەنی کوڕی شێخ عەبدولقادر کوڕی سەیید حەسەنی شێخ عەلیی شیخ محەممەدەسووری شێخ ئیسحاقی شێخ باباڕەسووڵی گەورەیە، بە ١٨ پشت دەگاتەوە بە شێخ عیسای نووربەخشیی بەرزنجەیی. خزمایەتیی لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید هەیە، لەو ڕووەوە کە بەهێخانی ئەمین عەتاری دووەم هاوسەری شێخ مەحموود، خوشکەزایەتی. شێخ غەنیی باوکی، خەریکی کڕین و فرۆشتنی تووتن و حەیوانداری و بازرگانی بووە؛ کە چووە بۆ حەج، لەوێ مردووە. پێشتر ژنی بۆ هەرسێ کوڕەکەی هێناوە و لە خانوویەکی سەربەخۆی خۆیدا نیشتەجێی کردوون.

شێخ ئەحمەد، ساڵی ١٨٩٠ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، مامی شیخ نووریی شیخساڵحی شاعیرە و شەش ساڵ لەو گەورەتر بووە. بە منداڵی، وەک نەریتی باوی سەردەمەکە، لە حوجرە لای مامۆستای وەک مەلاسەعیدی زلزلەیی، خواجەفەنی و شێخ باباعەلیی تەکێ خوێندوویە و فێری نووسین و خوێندنەوە بووە. پاشان لە مەکتەبی ڕوشدییەی عەسکەریی سلێمانی خوێندوویە.

سەردەمی حوکمداریی شێخ مەحموود، کاتبی مەعاریف بووە. سەردەمی حوکمی پاشایەتی، ١٩٢٧ بووە بە مەئمووری

ئیستیهلاکی ناحیەی قەرەداخ. سالانی سی، لە ناحیەی سەنگاو کاتب بووە، لە ١٩٣٩دا لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ ناحیەی سوورچی. سالانی پەنجا، وەزیفەی لە گەلێک شوێن دیوە: کاتبی ناحیەی تانجەرۆ، کاتبی ناحیەی سرۆچک (بەرزنجە) (١٩٥٢-١٩٥٣). بەرزنجەی زۆر پێ خۆشبووە، وەک زێدی باپیرانی و شوێنی ژیانی کەسانی دیاری لە وێنەی شێخ حەسەنی شێخ سالحەڕەش، سەیید ئەحمەد مەزلوومی شاعیر، حەمەگولباخ، مچەزەکی، شێخ مەعرووفی شێخ ئەحمەد بەرزنجی، شێخ غەریبی باساک و شێخ ڕەزای شێخ ئەحمەد؛ کە دۆستی نزیکی بوون. ڕۆژی ١٩٥٨/٢/٩ کۆچیدوایی کردووە و لە گردی سەیوان بە خاک سپێردراوە.

شێخ ئەحمەد، ئەم کچ و کوڕانەی لەپاش بەجێماون: بەدیعە، نەسرین، گێلاس، پەروین، نازەنین، شێخ عەبدولقادر، شێخ حەسیب و شێخ ڕەزا.

شێخ ئەحمەد فەوزی، شاعیرێکی خۆشمەشرەب و کەمشیعر بووە. شیعری لە ڕۆژنامەکانی: بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، ئومێدی ئیستیقلال و ژیان و گۆڤاری "دەنگی گێتیی تازە"دا بلاوکردووەتەوە.[٦]

---

[٦] سەرچاوەی ئەم ژیاننامەیە: ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، ئامادەکردن: ڕەفیق سالح و سدیق سالح، (لە بلاوکراوەکانی

بنکەی ژین

یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان)، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٠؛ پەڕەیەکی ژیاننامەکەی کە بەڕێز مامۆستا شێخ یاسین بەرزنجی -بە سپاسەوە- بە تایبەت بۆ ئەم دیوانەی نووسیوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

(١)

یا ڕەب، وە حورمەت سەییدی کەونەین
وە چوار هاوڕێکەی فەخری عالەمەین
وە ڕۆحی حەسەن، زەهرپێدراو
وە عەلیی گەورە و ناونجیی کوژراو
وە خوێن ڕژاوی دەشتی کەربەلا
وە شین و زاریی نەتەوەی زەهرا
دابگیرسێنە چرای ئیمانم
سەرلێشێواوی شەوی عوصیانم
نەفسی شیطانم زاڵە بەسەرما
ڕووی دەرکەوتنم نییە لە شەرما
قوڕکەم بەسەردا هەتا دامانم
سەرکردەی خێڵی گوناهکارانم
لە ڕێی طاعەتا ئەژنۆشکاو خۆم
لە بێشەرمییا حەیاتکاو خۆم

پیر و ئوفتاده و زار و داماوم
له گشت ڕەفیقان من بەجێماوم
بێ زادی ڕێگا، به ڕووزەردێوه
ڕووم وا له قاپیی غوفرانی ئێوه
سەگی دواکەوتووی خێڵی موصطەفام
دەستوداوێنی ئالی مورتەضام
ڕێم پێنیشان دە، زۆر بێتاوانم
هەر کەریمیی تۆن جێگای ئەمانم
ئەتۆ بەخشندە و منیش سواڵکەرم
تۆ پێم نەبەخشی، دەس بۆ کێ بەرم
شوێنی تر نییە، تا ڕووی تێبکەم
گەر تۆ دەرمکەی، ڕوو له کێ بکەم
ڕووم هەر له قاپیی ڕەحمەتی تۆیه
ئازادکردنم به دەستی تۆیه
'فەوزی' به هیوای لوطفی خودایه
سەگی ئەصحابی شای ئەنبییایه[٧]

(٢)

دڵ له وجوودا میر و سەرداره
جیلوەگای عەشقی حەضرەتی یاره

---

[٧] سەرچاوه: دەفتەری شاعیر.

جێی ئیعتیمادە، پڕ لە ئەسرارە
ڕاستە دڵ عەرشی پەروەردگارە
چرای کارەبای نووری ئیمانە
جەولانگای خاصی عیلم و عیرفانە
گا ئاتەشگەدە، گا بتخانەیە
بەزمگای عەشقە و جێی جانانەیە
ڕۆح لە ترسی دڵ وەک حەپس وایە
هەر کە دڵ وەستا، ڕۆح بەرەڵڵایە
ئاگری زەردەشت شەرارەی دڵ بوو
صونعی یەزدان و خونچەی سەرچڵ بوو
بۆ دڵ، بۆ ئاگر، بوو بە گوڵستان
مونکیری تیابوو، سەرسام و حەیران
دڵێ وەهابێ نیعمەتی خوایە
پەروەردەی لوطفی شای ئەنبیایە
'فەوزی' ئەم خەوی غەفڵەتەت چییە؟
ئاگات لە حاڵی دڵی خۆت نییە
مەلعەبەی دەستی نەفسی شەیطانە
ڕەشداگیرساوی ژەنگی عوصیانە
ڕووکەرە یەثروب، شوێنی هیوایە
بارەگای بەرزی مەحبووبی خوایە

قاپیی ئەو شاهە جێگەی ئەمانە
ئاسۆی هیوایە و کەعبەی دڵانە
دایم وەک قومری "یا کەریم"ت بێ
شەرارەی قەلبت بای نەسیمت بێ
وەک مەجنوون وێڵی دەشت و سەحرا بە
چاوەڕێی لوطفی شاهی لەولا بە
بەڵکوو وەک سەگی دواکەوتووی خێڵان
شادبێ جارێک بە یەک پارچەنان
ببێتە نووری دڵی بێفەڕت
ڕزگاربی لە دەست نەفسی سەگوەڕت
ئەشێ لەوەدوا بۆ خدمەت چابی
سەگی بەرقاپیی "رسول الله" بی
تاکوو لە فەیضی ئەو ئاسانەوە
دڵت بچێتە ناو دڵانەوە[8]

(٣)

پڕ زمان و دڵمە، یا ڕەب، "قل هو الله احد"
زۆر زەلیلم، لێم ببوورە بەشقی "الله الصمد"

[8] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

ڕێگەلێ‌ونبووی گوناهم، "یا ڕەسول الله" دەخیل
وا لە گێژی بەحری عوصیانا ئەخنکێم بێ‌مەددەد[9]
گێژەڵووکەی مەعصییەت ڕێگەی هیدایەت گوم‌ئەکا
"لم یلد" ڕۆشکە بەرچاوم، "ولم یولد" مەددەد
نەفسی ئیثباتە کە ذکری ڕێی بەحەق پیشان‌ئەدا
وا منیش ڕێبواری ئەو ڕێیەم، خوا بمکەی بەڵەد
"لم یکن لە" چۆن نەبێتە ذیکری قەلبم، دائیما
مایەیی ئیمان و دینە جوملەیی "کفوا أحد"
ڕووم لە قاپیت لامەدە، با ڕووڕەشیش بم، عەبدی تۆم
ئایەیی "لا تقنطوا" بۆ عەفوی جورمە، "یا أحد"
'فەوزی' گێژی دەردی عوصیانە و بە ئومێدی عەفوو
دەست‌وداوێنی ڕەسووڵی کیبریایە تا لەحەد[10]

(٤)

هەرچی هەم، یا ڕەب، سەگی قاپیی ڕەسوولی سەروەرم
دەست‌وداوێنی ئەبووبەکر و دەخیلی عوممەرم
خۆم ئەوا خستۆتە بەرپێی حەیدەر و عوثمانەوە
بەڵکوو نووری دیدەیی زەهرا ببێتە ڕەهبەرم

---

[9] ئەم نیوە بەیتە لە لاتەنیشتی پەڕەکەدا وەهایش نووسراوە:
وا لە دەشتی چۆڵی عوصیانی خەریک ماوم، مەددەد
[10] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

بەو کەسەی ناوت کە ناوە "رحمة للعالمين"
کەس نییە رووی تێبکەم، یاخۆ پەناهی بۆ بەرم
بێنەوا وو بێپەنا، بێچارە وو ئاوارە خۆم
وێڵی دەشتی میحنەتم، گێژ و دەبەنگ و بێفەرم
وا بە ئەهلوبەیتەوە خۆم خستە قاپیی رەحمەتت
شەرمەزار و بێهیوا، رووزەردی دەشتی مەحشەرم
بمخەرە ژێر سێبەری رەحم و کەریمیی خۆتەوە
رووڕەشیش بم، عەبدی خۆت و ئوممەتی پێغەمبەرم[11]

(٥)

خۆشئامەدیی حەضرەتی شێخ مەحموود "دام اجلالە"

(بۆ خۆشهاتنی حەضرەتی حوکمڕان شێخ مەحموود ئەفەندی کە لە رۆژی شەممە ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٢٢ گەیشتەوە سولەیمانی لە ئەسارەتی هیندستانەوە، عموومی قوتابییەکانی مەکتەب و عەسکەری میللیی وەطەنی لە کەناری رێگا راوەستابوون بەرامبەر بە تاقی ظەفەر (قوس النصر)، کە بە دەستەگوڵ و بە بەیداخی کوردی رازابووەوە، ئەم شیعرانەی ئەحمەد فەوزی ئەفەندییانئەخوێندەوە بە گۆرانی، کە دڵی گوێگرانی ئەکرد بە ئاو!)[12]

---

[11] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

شوکور لیللاهـ، مژدەبێ، وا نووری ئیمان هاتەوە
ئەرشەدی ئەولادی حەیدەر، شیری یەزدان هاتەوە
هەر وەکوو یووسف لە زیندانی ئەسارەت هاتەوە
شاهی میصرە، صەد شوکور، وا ڕوو بە کەنعان هاتەوە
صەف‌بەصەف زومرەی مەلایک دێن بە ئیستیقبالەوە
بانگ‌ئەکەن: وا مەظهەری ئەلطافی ڕەحمان هاتەوە
عەرضی تەبریکات ئەکەن جینن و مەلایک، یەک بە یەک
زەمزەمەی خەیرولقدوومە، شاهی دەوران هاتەوە
شەمشەمەکوێرە لە داخا خۆی لەقوڕنێ، حەقیەتی
شەو نەما، ظوڵمەت بەسەرچوو، مهیری ڕەخشان هاتەوە
خاتەمی حوکمی لە دەس حیلەی شەیاطین دەرنەهات
تا جەنابی ئاصەفی موڵکی سولەیمان هاتەوە
جامی مەی سا بێنە گەردش، ساقییا، تووبی خودا،
موددەتێکە دڵ‌حەزینم، جانی جانان هاتەوە
موطریبی خۆش‌لەهجە، کوا دەنگی ڕوباب و عوود و نەی
وەقتی وەصڵە، قاتڵی عومری ڕەقیبان هاتەوە

---

[١٢] نەجمەدین‌مەلا لە لاپەرە ١٩٢ی بەرگی سێیەمی دەستنووسی "مینای شکستە"دا ئەمەی نووسیوە.

جەژنی کوردستانە، قوربان، مەوقیعی قوربانییە
چۆن بە قوربانی نەبم، وا فەخری کوردان هاتەوە[١٣]

(٦)

ئەی برا، گەر تۆ تەعالیی موڵک و میللەتتە مەراق
ڕێی حەقیقەت بگرە پێش و بیدەرە بەر شەق نیفاق
پایەداریی موڵک و میللەت، ئیتتیحادە، ئیتتیحاد
ئەم عەجووزە فیتنەیە وا لازمە بیدەی طەلاق
خودا شەوی کوردی بە ڕۆژ گێڕا، بە تەشریفی شەهی
تاجبەخشە، عالیهیممەت، نوطفەیی صاحێببوراق
ڕۆحی خۆت، گەر بێ بەدڵ صەرفی قدوومی کەی، کەمە
مووحیی شەرعی شەریفە و ناجیی کوردی عیراق
ڕوو لە قاپیی کیبریا وو فەخری عالەم کەین، بڵێین:
خائینی کوێربێ، بخنکێ، با نەکا قەط واقەواق
ئەی وەطەن، بێچارەگیت ڕۆیی، بەسەرچوو ڕۆژی بەد
پایەختی حەضرەتی شاهێکە، صاحێبطەمطەراق
ئاڵوواڵا خۆت برازێنیتەوە، حەقتە بڵێی
شادییە، عەیشە، جلووسە، جەژنە، "نعم الاتفاق"

---

[١٣] ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، (بانگی کوردستان، ژمارە ٨، ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٢٢، ل٤).

سا وەرن، ئەمجا بە مەردی دەستی یەک بگرن هەموو
ڕێی موخالیف، با نەمێنێ، فورصەتە عەهد و میثاق
'فەوزی'یا ویردی زبان و ذیکری قەلبت بێ، بڵێ:
ئیتتیفاق، ئیتتیفاق، ئیتتیفاق، ئیتتیفاق[14]

(٧)

تا دەورئەدا زەمان و ئومێدی زەمانە بێ
دەوران بە کامی چاکریی ئەو ئاستانە بێ
شەمس و قەمەر، بە کامی مەرامت نەبن، ئەگەر
وەک قەلبی موغریضان ڕەش، قەط باضییا نەبێ
جەدد و زوحەل، بە ڕۆژ، بە شەو موشتەری‌صیفەت
چ بکا، ئەگەر غوڵامی دەری بارەگا نەبێ
وەک زوهرە، گەر حەمەل بڕەقصێت، فەخرئەکا
بیژەن‌صیفەت لە چاهی ئەسارەت ڕەهانەبێ
کێ دیی بە دیدە، یا لە تەواریخی عالەما
شاهی وەها لە نوطفەیی ئالیعەبا نەبێ
ڕۆژی فەرەح، زەمانی فەلاح و سەعادەتە
ڕێی موفسید و موزەوویر و بەدخواهـ، دەبا نەبێ

---

[14] هەمان سەرچاوە، (ڕۆژی کوردستان، ژمارە ٢، ٢٢ی تشرینی ثانیی ١٣٣٨- ١٩٢٢، ل٢-٣).

ئەم شیعرە بێفەڕانە چییە، 'فەوزی' کێ دەڵێ:
ڕەنگ هەر یەکێکە، باغە بێ، با کارەبا نەبێ[15]

(٨)

خودفرۆشی بەسیە، ئیظهاری نەزاکەت تا بە کەی
بەزمی ئیستیقلالە، ساقی، تێکە -تووخوا- جامی مەی
دەنگی زنجیری ئەسارەت نایەتە گوێم، فورصەتە
قوڵقوڵی مینا وو نەغمەی موطریب و ئاوازی نەی
دەورەیی نەگبەت بەسەرچوو، فەصڵی عیشرەت پێگەیی
کوا زڕەی فنجان و عیشوەی ساقیی و کوا لەنجەکەی؟!
نەوبەهاری موڵکی کوردستانە، فەصڵی دەی نەما
سا بە کوێریی چاوی دوژمن، ساقی ئەمجا بێنە مەی
دەفعەیێ تر ئیستیلا نایێ بەسەر ئەم موڵکەدا
عەهدی شاهی نەوجەوانە و شاهـصەلاحەددینە، دەی
وا لە سایەی ئاصەفی دەورانەوە، ئیقباڵی کورد
عالییە، پەرتەوفشانە، قادیرە بۆ "کل شي"
بێ، وەلیعەهدت تەماشاکە و مەلیک ئەم شاهە بێ
زوبدەیی ئالیحوسەین، نوطفەیی مەحبووبی حەی

[15] هەمان سەرچاوە، (ڕۆژی کوردستان، ژمارە ١١، ٣ی شوباطی ١٣٣٨-١٩٢٢، ل٢).

گەر کەسێ بێت و خەیاڵی بەد بە دڵیا ڕێبدا
وەک ئەبوجەهلی ئەزانم، جێگەیی ئەو وەیلە، وەی
تا ئەبەد، یا ڕەب، بمێنێ ئەم جەلال و حیشمەتە
ئایەیی "انا فتحنا" بێ، موعینی شاهی کەی[16]

(٩)

بۆ جەریدەی "ئومێدی ئیستیقلال"

مەرحەبا، ئەی ئومێدی ئیستیقلال
نیشانەی خاطیراتی ئیستیقبال
ڕۆحی من هەڵفڕی بە خۆشیی تۆ
بوو بە مژدەی نەمانی ئیضمیحلال
شوکور لیللاهـ کە قەومی ئەنجەبی کورد
وا خەڵاص‌بوو لە خەوفی ئیستیجهال
بێ مەعاریف، چلۆن ئەژی میللەت؟
مەعریفەت ڕۆحە، نەک بە ئیستیدلال
ڕۆحی میللەت تەرانەسازە هەموو
بە ئومێدی "ئومێدی ئیستیقلال"[17]

---

[16] هەمان سەرچاوە، (ڕۆژی کوردستان، ژمارە ١٣، ١٧ی شوباطی ١٣٣٨-١٩٢٢، ل٤).

[17] هەمان سەرچاوە، (ئومێدی ئیستیقلال، ژمارە ٣، ٤ی تشرینی ئەووەڵی ١٣٣٩- ١٩٢٣، ل٤).

(١٠)

لوطفی خودا، مەواهیبی ڕەحمان، مەعاریفە
تەوحیدی حەق، وەسیلەیی ئیمان، مەعاریفە
ڕۆحی میلەل، قەوامی تەرەقیی بەنیبەشەر
فەضل و هونەر، جەواهیری ئینسان، مەعاریفە
بێ عیلم هیچ کەس نەبوو پەیبەرێ بە هیچ
حەتتا وەسائیطی ڕەهی عیرفان، مەعاریفە
بۆ دەفعی ظولْمەتی شەوی دەیجووری جەهل و شیرک
بەدری مونیر و شەمسی درەخشان، مەعاریفە
جەوهەرفرۆشە مەکتەب، ئەگەر موشتەریی ببێ
بەحرێکی پڕ لە گەوهەر و مەرجان، مەعاریفە[١٨]

(١١)

حەسەبحاڵ

ئەی میللەتی مەظلْوومەی کورد، بەسیە ئەم ئاهە
ماضیت بەسەرچوو، چییە ئەم وەضعە تەباهە؟!
بۆ حاڵت، موستەقبەلی خۆت صەرفی ذیهن کە
وەختت لە دەسایە، ئەمە ئەییامی ڕەفاهە

---

[١٨] هەمان سەرچاوە، (ئومێدی ئیستیقلال، ژمارە ٤، ١١ی تشرینی ئەووەڵی ١٣٣٩- ١٩٢٣، ل٣).

ئەقوامی صەغیر و میلەلی بێسەروپا زۆر
ئیمڕۆ کە لە سایەی هیممەتی خۆیەوە شاهە
نەومیدی لە سەعیا نییە، سا جەهد و حەمییەت
جێی هیممەتە، ئەی میللەتی کورد، نۆبەیی جاهە
ئەسبابی تەعالیت هەیە، تێکیمەدە، زینهار
بۆ کێ بووە ئەم فەرصەتە، ئەم پشتوپەناهە![19]

(١٢)

قصەی ئەمڕۆ

موتتەحیدبوونی هەموو لازمە، سا فەوتی نەدەی
قەفەسی مورغی ئومێدە، لە دەس خۆتی نەدەی
غەیری تەرفیهی وەطەن بێ بە دڵا، کفرە لە لام
جەننەتت بۆ چییە، بێ یار بە ئەشکەوتی نەدەی
میللەتێ فیکری تەعالیی لەسەرابێ، بە شەرەف
هەموو وەک مام و بران، قەط لە سەروپۆتی نەدەی
ذیهن و فیکر و بەدەن و "ما ملکت"، هەرچی هەیە
صەرفی ڕێگەی وەطەنی کە، بە بەڕوو و جەوتی نەدەی
بە ئەلەتریکی خەیاڵ ئەر بگەڕێی، جەذبی ئەکەی
قووەیی نافیعە پێشانی چرانەوتی نەدەی

[19] هەمان سەرچاوە، (ئومێدی ئیستیقلال، ژمارە ٥، ١٨ی تشرینی ئەووەڵی ١٣٣٩- ١٩٢٣، ل٣-٤).

...[٢٠]

وەصڵ نێزیکە، نیشانی کەسی دەمچەوتی نەدەی
'فەوزی' ئەمڕۆ قصەکانت بە حەقیقەت خۆشە
بە خودا عەیبە، ئەگەر مژدەی ڕێکەوتی نەدەی[٢١]

(١٣)

بۆ ژین ئەگەڕێم، خەڵقە ژیانم لە عیراقە
بێپەردە ئەڵێم: ئەمن و ئەمانم لە عیراقە
بەغدایە لەبۆ ئەم وەطەنە بابی مورادە
جێی مەصرەفخۆریی و تووتونەکانم لە عیراقە
چیی لێ ئەکەی ئەم ثەعلەبە؟ ئەم مازوو و کەتیرە
ئەینێریتە کوێ؟ شێتە، کە نانم لە عیراقە
پرسیم لە ئەمین[٢٢]: ئەم جلە جوانانە لە کوێ دێ؟
شێت نیم -وتی- یاهوو، من ئەزانم لە عیراقە

---

[٢٠] ئەم نیوەدێڕە هەر خۆی لە ڕۆژنامەکەدا پەڕیوە و لە دەفتەرەکەی شاعیر و دەستنووسەکانی دیکەیش‌دا نەبوو.

[٢١] هەمان سەرچاوە، (ئومێدی ئیستیقلال، ژمارە ٦، ٢٥ی تشرینی ئەووەڵی ١٣٣٩- ١٩٢٣، ل٤).

[٢٢] ئەمین: نەجمەدین‌مەلا لە بەرگی یەکەمی دەستنووسی "مینای شکستە"دا کە کۆمەڵێک شیعری ئەحمەد فەوزیی تێدا نووسیوەتەوە، لە لاپەڕە ١٩٠ی‌دا لە بارەیەوە نووسیویە: "شێتێک بوو تا ساڵی ١٣٢٢هـ [١٩٠٤] مابوو، زۆر عەنتیکە و قصەخۆش بوو. ئەچووە مەجلیسی پیاوەگەورەکان و حەتا شێخ مەحموود [ی حەفید] بۆ گاڵتە ئەیدووان."

خۆ ئەروەتی بەغدایی نەبێ، ئەمری لە برسا
ئەتوانی بڵێی: ڕۆحی ڕەوانم لە عیراقە
با جینسەکەشم کورد بێ، ئەمما کوردی عیراقم
حامیی وەطەن و شاهی زەمانم لە عیراقە
ئەم ڕابیطەیە مەعنەوییە، شێتیش ئەزانێ
پیرێکی وەکوو غەوثی جیهانم لە عیراقە
'فەوزی' چییە بەینێکە فۆنۆغرافی خەیاڵت
بێدەنگە، وتی: گیانە، قەوانم لە عیراقە[٢٣]

(١٤)

خزمینە، هەمیسانەوە ژاکاوە دڵی من
بێسیر نییە، بەینێکە پەشۆکاوە دڵی من
خۆی داوەتە بەر شیری برۆ و تیری موژەی کێ؟
گیانی هەموو خوێناوییە، پێکاوە[٢٤] دڵی من
خوێنی لە دڵ ئەتکێ و ئەگری، بۆ چییە یاران؟
بەم ڕەنگە کەوا شیوەنی داناوە دڵی من

---

[٢٣] عەبدوڵڵا زەنگەنە، ژیانەوە و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا ١٩٢٤-١٩٢٥، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٠ (ژمارە ١٩، ٢ی مارتی ١٩٢٥، ل٢).
[٢٤] دەبوو "پێکراوە" بێ.

وا کەوتە تەپوتۆوە، خەریکی سەفەرێکە
بۆ کوێیە خودا، مەیلی بەکێ داوە دڵی من؟
من پیرم و ئەو جوانە، دڵی ناسکە، چ بکەم
بێهوودە لە من عاجز و تۆراوە دڵی من
ڕۆیشتووە، لەو ساوە سۆراخی نییە لای کەس
ئاخۆ بە چ زولفێکەوە گیرساوە دڵی من!
وەک بولبولە، عاشق بە گوڵە، چاکی ئەناسم
ئێستا بە چڵێ خونچەوە ئاڵاوە دڵی من
خاکی چ وڵاتێ بەسەراکەم، لە دەسم چوو
بۆ کوێ چووە، یا ڕەببی لە کوێ ماوە دڵی من
هەرچەند ئەگەڕێم دەشت و دەر و کووچەیی شاران
شوێنی گومە، وا دیارە کە فەوتاوە دڵی من
دۆزیمەوە، خزمینە، لەبەر قاپیی مەدینە
وام زانی گەڕۆکە و سەری داناوە دڵی من
نەمزانی کە ڕووی کردووەتە باخی مەدینە
پشکوتووە وەک خونچە، نەفەوتاوە دڵی من
وای ڕووی دڵی کردۆتە گوڵی ڕەوضە، شەو و ڕۆژ
سەرخۆشی هیوایە و خەمی کێی ماوە دڵی من
بۆ نووری چرای مەعریفەتە دەوروخولێتی
پەروانەیی چی، قەقنەسی سووتاوە دڵی من

ڕاضی نییە بەم خاکە وو نایێتەوە 'فەوزی'
وا لووتی لە شاخی کوڕەکاژاوە دڵی من[٢٥]

(١٥)

سوگواریی ئەحمەد فەوزی لە وەفاتی کەمال ئەتاتورکدا

کوردێکی شیمال، لەش بە خوێنەوە
ڕوو بە پێکەنین، دەم بە جوێنەوە
ئەهات بەڕێدا، وەک تەیر ئەفڕی
خوێنی مەظڵوومی لە ڕووی ئەسڕی
بانگی کرد: کوردان، شین بوو بە شایی
مژدەبێ لێتان باوکی تورک ڕۆیی
ئەبوجەهلی کورد، شەددای ناکام
"تبت یداه" تا ئاخر کەلام
ڕۆیی بۆ سەقەر، جێی خۆی لەوێ گرت
کورد ڕزگاری بوو لە دەست جرتوفرت
بۆ تەئریخەکەی، ئەمر وەهایە
کوردان بە یەکدەم بکەن هەرایە
گەل گەل بێ و بچن، بڵێن بە یەکدەم:
روح اتاتورک چو بو جهنم[٢٦]

---

[٢٥] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

[١٩٢٨] ١٣٥٧=٩٨+١٧+٦٢٦+٤٠٢+٢١٤)
تاریخی کۆچی ئەتاتورک کەمال بە حیسابی ئەبجەد)[٢٧]

(١٦)

ئەڵێ بیلێم و ناوێرم

برا ئیشێ لە بەرمایە، ئەڵێ بیلێم و ناوێرم
هەوای بەرزی لەسەرمایە، ئەڵێ بیلێم و ناوێرم
هیوایی نیشتیمان بەرزبوونەوەی کورد، تێگەیینی عام
شتێکی وا لە دڵمایە، ئەڵێ بیلێم و ناوێرم
ئەرێ تێگەیوەکان بۆچی لە دنیا ئێمە بێبەش بین
هەموو کەس وا لە خۆشیایە، ئەڵێ بیلێم و ناوێرم
ئەوی تێگەیوە، پێگەیوە، ئەوی داماوە، داماوە
خەریکی گێژی خولیایە، ئەڵێ بیلێم و ناوێرم
درۆی بێگانە بۆ تۆچی؟ چرا بۆ ماڵی خۆت هەڵکە
وتەی شایی لە ناوایە، ئەڵێ بیلێم و ناوێرم
خەیاڵی پووچی نازێتی، بەچی دێ، کەڵکی چی ئەگرێ؟
چیای کوردان لە رێدایە، ئەڵێ بیلێم و ناوێرم
وەرە بنوارە کانیی ناو چیا، زیو و زەرە گشتی
ئیتر هەر نەوتە، پۆڵایە، ئەڵێ بیلێم و ناوێرم

---

[٢٦] ئەم نیوەبەیتە وا دەخوێندرێتەوە: رۆحی ئەتاتورک چوو بۆ جەهەننەم.
[٢٧] سەرچاوە: "دەفتەری ئەشعاری ئەحمەد فەوزی"ی نەجمەدینمەلا.

دەسی سوێندخوارەکان بگری، ئەبێتە سەربڵند کوردە
وتەی ڕاستت ئەوێ، وایە، ئەڵێ بیڵێم و ناوێرم
یەکێتی چاکە بۆ هەموان، برا پشتی برا بگرێ
قەدەر ئیتر لە لای خوایە، ئەڵێ بیڵێم و ناوێرم
وەرە 'فەوزی' لەمەولا با هەموو ڕووکەینەوە مەولا
کە ئیشمان هەر بە مەولایە، ئەڵێ بیڵێم و ناوێرم[٢٨]

---

[٢٨] ڕۆژنامەی ژین، سلێمانی، ژمارە ٧٠١، ١٩٤٣/٣/٢٥، ل٣.
دەبوو لەبریی "ئەڵێ" بگوترایە "ئەڵێم"، ئەوسا شیعرەکە ڕەوانتردەبوو.
جێگەی باسە، مامەندئاغای فانیی شاعیریش پێشتر لەساڵی ١٩٣١دا دوو شیعری بەم پێوشوێنە نووسیوە؛ یەکەمیان وا دەستی پێ کردووە:
قسێکم دێتە سەر زاری، دەڵێم بیڵێم و ناوێرم
لە باسی کورد و کرداری، دەڵێم بیڵێم و ناوێرم
تا گەیشتووەتە:
ئیتر ئەم شیعرە پایانە، ئەوەی دەرمانی کوردانە
لە باری عیلم و عیرفانە، دەڵێم بیڵێم و ناوێرم
دووەمیان بەمە دەستی پێ کردووە:
ئەمەش باسێکی دونیایە، کە خەصمی شێت و زانایە
ژیانی میسلی خەو وایە، دەڵێم بیڵێم و ناوێرم
کۆتاییەکەیشی ئەمەیە:
ئەتۆش فانی هەتا ماوی، خودا نوتقێکی پێ داوی
لە چاکەی گەل نەکەی خاوی، دەڵێم بیڵێم و ناوێرم
(بڕوانە: دیوانی فانی، بەرگی یەکەم، بە سەرپەرشتی کەمال میراودەلی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٦، ل١٦١-١٧١).

(١٧)

دیمانەت بە خێر

دیمانەت بە خێر، دیمانەت بە خێر
دەنگی گێتیی نوێ، دیمانەت بە خێر
چاوڕوونکەرەوە و فێنکیی دڵانی
هیوای ژیانی تازەی خۆمانی
چیرۆکەکانت، پەندی لوقمانە
ڕێپیشاندەری دواکەوتووانە
چرای زانستی هەڵکرایەوە
خونچەی دڵی گشت پێ گەشایەوە
بە ڕاستی دەنگی تازەی گێتییە
بڵاوکەرەوەی وشەی پەتییە
سەرچاوەی خۆشیمان ژیایەوە
هەزاران گرێی دڵ کرایەوە
دیمانەت بە خێر، دیمانەت بە خێر
دەنگی گێتیی نوێ، دیمانەت بە خێر[٢٩]

---

[٢٩] کۆواری دەنگی گێتیی تازە، خولی یەکەم- بەرگی یەکەم، ژمارە ١-٦، تشرینی یەکەمی ١٩٤٣- مارتی ١٩٤٤، ئامادەکردن سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگەنە، (پرۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس)، هەولێر، ٢٠١٠ (ژمارە ٣، بەرگی یەکەم، کانوونی یەکەمی ١٩٤٣، ل١٥).

(١٨)

شێوایەوە دڵ، ئێستە بە سەحراوەیە، ئەگری
وەک پووشی ڕزیو وایە، بە دەم باوەیە، ئەگری
بۆ دیدەنی دوو نێرگسی شەیدایە، شەو و ڕۆژ
مەجنوونە، بە دووی هۆبەیی لەیلاوەیە، ئەگری
وەک وامیقی ئاوارە پەشۆکاوی فیراقە
شێواوە لەتاو دووریی عەذراوەیە، ئەگری
وەک بولبولە، شێتی گوڵە، مەفتوونی ویصالە
چاوی لە دەمی خونچەیی نەکراوەیە، ئەگری
گا شێتە، گەهێ عاقڵە، گا گێژ و دەبەنگە
شەیدایی برۆ و عیشوەیی ئەو چاوەیە، ئەگری
وا جەژنە، هەموو دەم‌لەدەم و دەس‌لەملانن
ئاوارەیە دڵ، چاوی بەخوێناوەیە، ئەگری
بۆ ئەم دڵە، یا ڕەببی، قوڕی کوێ بەسەراکەم
گیراوی ضوحاکی غەمە، بۆ کاوەیە ئەگری
وا شێتە، هەمیسانەوە کەوتۆتە دەرودەشت
ئێستا کە بە ڕێی یەثروب و بەطحاوەیە، ئەگری
تا چاوی بە خاکی دەری ئەو شاهە بڕێژێ
دایم بە هیوای مەرحەمەتی خواوەیە، ئەگری

'فەوزی' دڵەکەم شێتی گوڵی ڕەوضەیە، تووخوا
با هەر بگری، چاوی لە مەولایەوە، ئەگری[30]

(١٩)

نەشئەی بەهارە، بولبولە مەستانە پێئەکەنێ
سەرخۆشی عەطری خونچەیە، شاهانە پێئەکەنێ[31]
نەورۆزە، جەژنە، سونبول و نەسرین و یاسەمەن
شەوبۆ و قەرەنفول و گوڵخەندەرانە پێئەکەنێ
ئارایشی زەمین دراوە بە غارایی سەوز و سوور
دەشت و چیا و کێو و بیابانە پێئەکەنێ
سەوسەن زبانی کردەوە بۆ شوکری نەوبەهار
مینا و شەوبۆ، شەستپەڕ و ڕەیحانە پێئەکەنێ
لالە شەرابی شەونمی کردووەتە پیاڵەوە
هاتۆتە لارولەنجەوە، ڕەقصانە پێئەکەنێ
پەیمانەگێڕی گوڵشەنە نێرگس بە نازەوە
ساقی و صوراحی و مەی و پەیمانە پێئەکەنێ
پڕ نەشئەیە وەنەوشە بە هۆی بای نەسیمەوە
ئەشنێتەوە بە عیشوە و چەن جوانە پێئەکەنێ

---

[30] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.
[31] وایش نووسراوە: سەرخۆشە، ڕووی لە خونچەیە، شاهانە پێئەکەنێ.

قومری بە ویردی "یا کەریم"ەوە هاتۆتە کایەوە
چاوی لە بەژنی نازکی سەروی ڕەوانە، پێئەکەنێ
تەئثیری نەوبەهارە، تەماشاکە کوندەبوو
هاتۆتە دەر لە خەڵوە و حەیرانە، پێئەکەنێ
خۆ شۆڕەبی بە پرچەوە، وەک شێخی قادری،
کەوتۆتە ذیکرەوە و دڵی خەندانە، پێئەکەنێ
تارایی سووری دا بەسەرا، داری ئەرخەوان
نەخش و نیگاری کردووە، بووکانە پێئەکەنێ
سەرو و چنار و عەرعەر و شمشاد و نارەوەن
هاتوونە ڕەقص و لەنجەوە، کاشانە پێئەکەنێ
هەر کوێرەشیوە، سەیری ئەکەی، بۆتە تانجەرۆ
فەیضی بەهارە، دیجلە وو سیروانە پێئەکەنێ
من شێتوویتی دیدەنی ئەو دڵبەرەم، کەچی
صۆفی بە حاڵەتی منی دێوانە پێئەکەنێ
'فەوزی'لە تاوی دووریی جانانە کەوتە کێو
بۆتە ڕەفیقی وەحشی و شێتانە پێئەکەنێ[٣٢]
١٩٥١

[٣٢] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

(٢٠)

جیلوەگاهی عەشقە دڵ، با حاڵەتی شێتانە بێ
تێگەیشتن شەرطە، با دێوانە یا فەرزانە بێ
گەر کڵێسا وو کەنیشتە و دەیر و ئاتەشخانەیە
جەننەتە، گەرچی نەظەرگەی حەضرەتی جانانە بێ
سۆزی عەشقە کیمیایە، دڵ ئەکاتە زێڕ و زیو
دێتە قیمەت، با وەکوو من شێت و یا دێوانە بێ
جەننەتێکی بێمەحببەت، دۆزەخە بۆ ئەهلی دڵ
با پڕی غیلمان و حۆری و جێگەیی شاهانە بێ
جیلوەیی عەشقە ئەڕەقصێ، دڵ حەقیقی یا مەجاز
های و هووی شێتانە، بەزم و نەشئەیی مەستانە بێ
بێ گوڵی ڕوخساری تۆ، بێکەیفە دڵ، نەشئەی نییە
با لە دەورم بەربوط و ساقی و مەی و پەیمانە بێ
گوێ لە وەعظی پووچی زاهید مەگرە، تەئثیری نییە
بۆ ڕیایی نانە، با ڕیشی زلی شێخانە بێ
نووری عەشقە زینەتی مەعشووق و شەوقی عاشقان
بە مەلەک بێ ئەم، ئەویش ئاوارە وو بێلانە بێ
'فەوزی' شێواوی فیراقە و وێڵی وەصڵی دلبەرە
یا لە کەعبە دەسکەوێ، یاخۆ لەناو بتخانە بێ-١٩٥٠[٣٣]

---

[٣٣] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

(٢١)

سوجدەگایە کۆیی دڵبەر، سەر لە جێی پێ نێ و برۆ
تا نەمامێ پێگەیێنیت، دەرئەکا خونچە و چرۆ
دڵ بەبێ سۆزی مەحببەت بێفەڕ و بێڕەونەقە
زینەتی کوا؟ گەر بەسەر چاوا نەکێشرایە، برۆ
کۆڕی عەشقە، دڵ بە ئەبرۆی یارە شیربازی ئەکا
خۆی نەئەنگێوێ بە موژگان، ڕەببی نەیکەی ڕەنجەڕۆ
دەستی عەشق و مەستی مەی، فەرقی وەکوو ڕۆژ و شەوە
ئەم دڵی پڕ نووری عەشقە، ئەو پڕوپووچە و درۆ
عەشقە صاحێب بارەگایە، مورشیدە بۆ ئەهلی دڵ
'فەوزی' گوێ مەگرە لە دەروێش و لە صوفی و وشکەڕۆ[٣٤]

(٢٢)

ساقی، وەرە -تووخودا- بدە پێم جامە شەرابێ
موطریب بەشی تۆش، بەشقی خودا، شۆر و نەوا بێ
مەردانە بڕازێنەوە مەجلیس بە دەف و چەنگ
ئاوازەیی بەستە وو چۆقەنە و ڕەقص و سەما بێ

ئەم نیوەدێڕەی دوایی وایش نووسراوە:
یا لە کەعبە و مەیکەدە، یاخۆ لەناو بتخانە بێ.
[٣٤] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

بەینێکە پەشۆکاوی فیراقە دڵی زارم
چارەی بە مەیە و دەنگی نەی و عوود و ڕوبابێ
ئیعجازی مەحببەت گڕی بەرداوەتە ئەعضام
دانامرێ، بێ جیلوەیی ساقی و مەیی نابێ
با یەکبکەون بەربوط و سەمطوور و نەی و تار
بۆ دەورەیی پەیمانە، سەلامی ئومەرا بێ
زاخاوی دڵە لابەرێ غەم، قولقولی مینا
بەو نەشئەیەوە، ساقی، لەسەر پەنجەیێ نابێ
نووری مەیە ڕۆشنکەرەوەی فیکر و دەماغە
بۆ ئەو دڵە یادی ڕوخی جانانەیی تیابێ
مەردانە خەڵاصم کە لە دەس ئاگری دووری
هەر مەستییە، چارەی دڵی ئاوارەیی وابێ
ئەحواڵ بە یەکدەفعە ئەگۆڕێ دڵی 'فەوزی'
گەر لوطفی ببێ ساقی، بە یەک پیاڵە شەرابێ[٣٥]

(٢٣)

ژیان، بێ شۆڕی عەشق وەک ژاڵە تاڵە
دڵێ سۆزەی نەبێ، شیشەی بەتاڵە

---

[٣٥] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

لە ڕێی عەشقا چ بێنرخە سەروماڵ
ئەسیری عەشق ئەڵێن: خوێنی حەڵاڵە
چ خۆشە، ڕەببی، وەک سواڵکەر لە ڕێیا
بکەوم و پێم بڵێ: ڕێ مەگرە خاڵە
لە چاوم خوێنی دڵ ئەڕژێ بە لێشاو
لە دەس تیری موژەی ئەو چاوە کاڵە
بە ناز و عیشوە جەرگی عالەم ئەبڕێ
کەچی سەیری ئەکەی، هێشتا مناڵە
پەچە بۆ ڕوویی جانان بۆتە مۆدە
بە فەتوای زاهیدی دوودەس بەتاڵە
کە من دەستم نەگاتە دامەنی یار
حەیاتم بۆ چییە و ژیانم مەحاڵە
لە بۆتەی عەشقی جانانا ئەجۆشێ
دڵی عاشق تــوواوەی زێڕی قاڵە
بە ئومێدی ویصال 'فەوزی' لەمەولا
شەو و ڕۆژ بگری بۆ خۆت و بناڵە[36]
١٩٥١

---

[36] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

(٢٤)

له سینه‌م ده‌نگ و واوه‌یلایه ئیمشه‌و
ئه‌ڵێن ته‌شریفی دڵبه‌ر نایه ئیمشه‌و
سه‌رم سه‌مطووره، سینه‌م وه‌ک که‌مانه
چریکه‌ی دڵ وه‌کوو نه‌ی وایه ئیمشه‌و
وه‌کوو وامیق ئه‌گه‌وزێ دڵ له خوێنا
شه‌هیدی غه‌مزه‌که‌ی عه‌ذرایه ئیمشه‌و
قه‌سه‌م به‌و چاو و ئه‌برۆی نازه‌نینت
له دووریی تۆ دڵم شه‌یدایه ئیمشه‌و
به نووری عه‌شقی یار ئه‌گرێ وجوودم
له مه‌جلیس‌دا ئه‌ڵێی لامپایه ئیمشه‌و
جگه‌ر ئه‌برێ ئیشاره‌ی چاوه‌کانی
چ سه‌ربه‌سته، چ بێ‌په‌روایه ئیمیشه‌و
له‌سه‌ر خۆی چوو ئه‌وا 'فه‌وزی' هه‌میسان
په‌شێوی چاوه‌که‌ی له‌یلایه ئیمشه‌و[٣٧]
١٩٥١

(٢٥)

وه‌کوو مه‌جنوون، به دووی له‌یلا، جێگام کێوانه تا مردن
له‌گه‌ڵ وه‌حشی بیابانا ئه‌ژیم شێتانه تا مردن

---

[٣٧] سه‌رچاوه: ده‌فته‌ری شاعیر.

گوڵ و گوڵزارە باغی عەشق، بە تۆ چی زاهیدی خوێڕی
هەموو هەر سەرو و نەسرین و گوڵ و ڕەیحانە تا مردن
بە شانە زوڵفی داهێنا، بە ڕووی ڕۆژا شەوی هێنا
تەمی کێشا بەسەر دڵدا، تەڵی ئەو شانە تا مردن
برۆی لایێ جگەر ئەبڕێ، بە موژگان دڵ ئەکا کونکون
ئیتر عاشق ئەبێ چ بکا، دەوای گریانە تا مردن
برۆ صۆفی بە مردن چی، ڕیات بۆ نانە دوونانە
ویصالی جان و جانانە، هیوای ڕەندانە تا مردن
بە عیشوە و نازەوە ئەو دڵبەرە گەر بێت و خۆی دەرخا
سەروپێی عاشقە و ئەڕوا، فیدای جانانە تا مردن
لە دووریی سەروی باڵای یار، وەکوو قومری ئەناڵێنم
ئیتر ویردی زمانە "یا کەریم،" ڕەندانە تا مردن
لە سایەی عەشقی تۆوە بتپەرستی بۆتە پیشەی من
لەگەڵ پیری موغان ئیتر من و مەیخانە تا مردن
وتم: وا کەوتە پێی عەشقت، دەس و پێمی ڕزان، تاکەی
وتی: شێتی، بەرتنادەم، ئەوە جێتانە تا مردن
وەرە 'فەوزی' لەمەولا ڕووی دڵت دایم لە مەولا بێ
لەبەر قاپیی ئەوا سەر دابنێ مەردانە تا مردن[٣٨]

---

[٣٨] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

(٢٦)

ئەو دڵبەرە بەو عیشوەیە، بەو چاوە خومارە
ئەپسێنێ دڵ و بەندی جگەر، هەر بە ئیشارە
بەسراوە بە ئەگریجەوە دڵ، ژینی مەحاڵە
بۆ کوشتنی عوششاقە کراوە بە قەنارە
بەو نەشئەیەوە دەربکەوێ، عیشوەیی ئەبرۆی
کوشتاری لە صەد، سێیەکی نایێتە ژمارە
بۆ کۆیی نیگار کافییە پەروازی مەحەببەت
چیم داوە لە سەییارە، وە چیمە لە طەیارە
فرمێسکی مەحەببەت هەموو زمڕوتە کە ئەڕژێ
بۆ پەنجەیی جانانەیە، شاباشی نیگارە
گەنجینەیی دڵ پڕ لە دوڕ و گەوهەری عەشقە
بێنرخە لە لای حەضرەتی یار، ماڵی هەژارە
بۆ هاتنی جانانەیە ئەم شۆر و نەوایە
'فەوزی' لە ڕەگی دڵ بدە تۆیش، نوبەتی تارە[٣٩]
١٩٥٠

(٢٧)

وەطەن نەبوونە، کە بۆی ئەچییەوە نەبوون دیسان
ئەتخاتە باوەشی گەرمی خۆیەوە، نەبوون دیسان

---

[٣٩] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

ئەو جێگە نیشتمانە، ئەگەر زادی ڕێ لەبەرتابێ
پاشاییە نەبوونی، ئەگەر یادی خوا لەدڵتابێ
بوونی بەبێ مەحەببەت و چوونی بەبێ چرا
تاریکە، ڕێگە سەختە، ملت ئەشکێ، ئەی برا!
بوون و نەبوون و هاتن و چوونت بە چی ئەچێ
ڕۆحت فیدایی خاکی ڕەسوولی خودا نەبێ
ئامەدتە 'فەوزی،' ڕوو لە نەبوون کە بە شەوقەوە
نەفست فڕێدە، بیخەرە بەر پێلەقە و شەقەوە[٤٠]

(٢٨)

داد لە دەس ئەم چەرخە پیرە، بەزمی چۆن پەیدائەکا
سەر لە عالەم چۆن ئەشێوێنێت و خۆی حاشائەکا
وا بە شەن کەوتوونە سەر خەرمانی ئازادیی وڵات
تێکی هەڵشێلا وو کا و دانی ئەمەل بەربائەکا
گەردولوولی گێژەڵووکەی ماتەمە لەم خاکەدا
خول‌ئەدا، ئاسۆی هیوا ئەگرێت و تەم بەرپائەکا
وێڵی لەیلاکەی هیوا خۆم، وام بە چۆڵ و هەردەوە
شەرطە ئاوایيم نەوێ، تا ڕۆژی بەد ئاوائەکا

[٤٠] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

پێ لە کۆتەی میحنەت و زنجیری غەم جەرگی بڕیم
خۆ کەلەپچە بێنیازیی ڕۆیینم ئیمائەکا
دەوری مەجنوون تێپەڕی، ئێستا منم شێتی وڵات
بۆ نموونە، هەر زەمانێ عاشقێ ڕیسوائەکا
ڕووی لەژێر ئەگریجەدایە، لایبەرن تووبی خوا
پەرتەوی ڕوخساری دەرخا، عالەمێ ئیحیائەکا
تاوی کوورەی سۆزی عەشقت قەط بلێسەی نابڕێ
ئاگری زەردەشیتی عەشقە موعجیزەی ئیفشائەکا
شاکەل و شێروانە جێڕاوگەی غەزالانە، دڵم
کەوتە جامبازە، هەمیسان مەیلی ماڵئاوا ئەکا
'فەوزی' لادە تۆ لە دەوری چەرخ و تێکچوونی زەمان
هەر ئیرادەی خوایە ویستی، ماڵی چۆڵ ئاوائەکا[٤١]

(٢٩)

ئەم ڕۆحە هەتا دەرئەچێ، هەر وایە ئیمانی
هەرچۆنێ ببێ، هەر ئەبێ ئەم ڕۆژە نەمانی
ئەو کوردە بە ئومێدی هیواوە، دەستی لەملکەی
ئەم زەحمەتە ڕۆح هەر ئەبێ بیکێشێ، هەتا کەی

---

[٤١] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

تاریکی و تەم عالەمی وا کردووە غەمگین
ئاسۆیی هیوای گرتووە، نابینرێ بە دووربین
ناحەظ وەکوو شێر نەتشڵەژێنێ، نەکەی ئامان
قەط تێکنەچی و وریا بە، وەکوو ڕۆڵەیی مەیدان
چەند عومری درێژ هات و بەسەرچوو بە هیوای تۆ
ببڕێتەوە تا حەسرەتی کوردان بە لیقای تۆ
ئاوازەیی ڕەحمەت نییە تا بکرێ بە چیرۆک
خۆشی هەموو سووتاوە، وەکوو لاشەیی هندۆک
ئەم ڕۆژە ڕەشە، چۆن بووەتە خزم و کەسی کورد
ڕووناکیی نەهێشت، کردی بە شەو ڕۆژی هیوای کورد
هاوار و فوغانیانە لە دەس دیلی و زیندان
بۆچ دیلی بە تەنیا بووەتە قیسمەتی کوردان
سەیری بەروپشتت بکەی، ئەیزانی هیواکەت
چۆن پەرش و بڵاو بۆتەوە دەرمانی دەواکەت
بێگانەیە داوێنی لە کورد کردوە بە چاکا
نایێڵێ نەمامی ئەمەلی نەشوونماکا
دەورێکە کە ئەم کوردە لەژێر باری غەمایە
ژێردەستییە، بڕوانە ئیتر چیی بەسەرایە
دڵدۆنگییە، ئەسبابی ئەمەش چارەیی سەهلە
دەسدانە دەسی یەکتر و ڕێکەوتنی مەیلە

ڕووناکییە وا بەشئەکرێ، عەینی خەڵاتە
سووتێنەرە بۆ ئێمە، وەیا جەژنی بەراتە
مادامکی حەقە، هەر ئەبێ بدرێ حەقی خۆمان
کورت بۆتەوە شەو، وەختە بەیانێ ببێ بۆمان
وەک لالە ئەڕازێتەوە وا وەختی بەهارە
ئەو خوێنی شەهیدانە کە پڕ دەشت و نزارە
پیشانی ئەدا، بێتەوە فیکری هەموو لاوان
بۆ بەرزییی کوردان کراوە بە گوڵستان[٤٢]

(٢٩)

ڕۆژی کورد لەم ڕۆژەدا، خزمینە، چۆن کە وا ئەبێ
هەر کەسێ بۆ خۆی نەژی، دوارۆژی هەر ئاوا ئەبێ
گوێ لە تەوسی نیشتمان بگرن، بەبێ پەروا ئەڵێ:
دوودڵی بێمایەیە، وەک تیغی بێمەودا ئەبێ
یەکێتی ئاتۆمە بۆ گەل، تێگەیین وەستایەتی
قونبولەی ذەرری وەهایە، پێگەیین ئاوا ئەبێ
ناحەزی گیان با ببێ، زانستی چارەی ناکرێ
تێگەیین طەیری هومایە و بازی شاهی وا ئەبێ

[٤٢] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

تێکەڵیی بێگانە، بیری جیابەجیا، دواکەوتنە
نیشتمانی تێکئەچێ، بازاڕی بێسەودا ئەبی
دەستی یەک گرتن نیشانەی بەرزی و سەربەستییە
یەک بە یەک ناسینی گەل، پیشاندەری داوا ئەبێ
تۆ کەلامی خوات هەیە، شوێنی کەوە، ئەمری هەموو
باربووە، یەککەوتنە، ڕێوشوێنی باش ئاوا ئەبێ
یەککەون، ئیتر بە کۆمەڵ ڕووکەنە ئاسۆی هیوا
خۆ بە کۆگای گەورە پیشان دەن، وەطەن ئاوا ئەبێ
یەکێتی بۆ گەل نیشانەی ڕێگەیی پێشکەوتنە
باش نەعەملێ، داییما کۆرپەی وەطەن ساوا ئەبێ
بەشکرا، داواکرا وو ئێمە بێبەش ماینەوە
دوا پەڕەی دڵدۆنگی و جیابوونەوە ئاوا ئەبێ
جوو لە ناوجەرگەی عەرەبدا بوو، تروومان پشتی گرت
ناحەقیی بۆ کرد بە حەق، پشت و قەوەت ئاوا ئەبێ[٤٣]

بنکەی ژین

(٣٠)

گەرچی پیرم، بیری جوانم بەرزیی و سەربەستییە
تا لە ئاسۆیی هیواوە دەرکەوێ، ڕۆژی ژیان
ئاڵوواڵا خۆی برازێنێتەوە تا نیشتمان
چونکوو ئەم ڕێیە کە پێویستە، هیوایی گشتییە

---

[٤٣] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

ئەم گوڵاڵە سوورە جوانانەی کە ئەرز دەریان‌ئەخا
پێ‌نیشانی نیشتمانخواهی ئەدا، تا تێ‌بگەن
نیشتمان بەم ڕەنگە جوان‌ئەکرێ، بە هاواری بگەن
تا بناسرێ و خۆی لەناو هاونیشتمانا دەربخا

ئەم پلانەی وان لە ڕێدا، گەرچی سەختە و زەحمەتە
بیری گەل سەنگتاشە، هیممەت نوێڵە، با کێو بێ هەموو
بەرگەناگرێ، وردئەبێ، ئەکرێ بە ڕێگا زوو بە زوو
بیگرێ یەککەوتنی گەل ئاگرێکی قودرەتە

با بمژرێ خوێنی بێ‌کەس، گۆشتی پێ بێ‌تین ئەبێ
ماڵی خەڵق، با قەصری پێ بکرێ و برازێنرێتەوە
ئەم شەوە ڕۆژی لە دوایە، هەر ئەبێ ببڕێتەوە
تێگەیین چارناکرێ، ڕێ‌وشوێنی پێ تەئمین‌ئەبێ

بەرزی و نزمیی هەموو گەل، مێژوو ئیثپاتی ئەکا
بێ‌فەڕی دواکەوتنە، بەرزی ڕەوشتی چاکەیە
دەس لەمل یەکتر بکەن، ڕۆژی برالە و کاکەیە
هەر گەلێ سەیری ئەکەی، بۆ خۆی تەماشای خۆی ئەکا

ئیش بە طەییارە و دەبابە و قونبولەی ذەرری نییە
دەستی یەک بگرن بە ڕێکی، گشت بە پیر و جوانەوە

ڕووکەنە کۆگایەکی وا، بێ بە هاوارتانەوە
ئیمڕۆ پێویستی بە تەگبیرە، بە خوێنڕشتن نییە[٤٤]

(٣١)

لە جوابی کاغەذی حەضرەتی
شێخ مەحموودی حەفید نووسراوە:[٤٥]

قەقە قوربان، بە لوطف نامەیەکت کردبوو ڕەوان
بۆ نەجاتی منی بێکەس لە ش شین، لە فوغان
عەعە عەرضتبکەم، ئەی قیبلەیی کورد، حەضرەتی شێخ
بەبە بە خودا وو ڕەسووڵ و بە کە کاکئەحمەدی شێخ
داروپەردوویی وجوودم بە شا شاپڵیتەیی غەم
گڕی داگرتبوو، گڕپەی ئەچووە لەوحی قەڵەم
قرچوهووڕی جگەر و بۆکڕووزی ئێسقان
دووکەڵی ئاگری دڵ گەیبووە عەرشی ڕەحمان
نە بە لێشاوی سرووشک و نە بە خوێناوی جگەر
نەئە ئەکوژایەوە، چارەی نەبوو، وەک ناری سەقەر
نامەکەی ئێوە گەیشت، عەینی وەکوو ئاوی حەیات
دایمران، تاوی نەهێشت، بوو بە فە فەرمانی بەرات

---

[٤٤] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.
[٤٥] دەبێ شێخ حەسیبی کوڕی لە خوار ئەم شیعرەدا نووسیبێتی: "باوکم تۆزێ زمانی ئەگیرا."

هەر وەکوو ئاگری زەردەشت و بە بەحری ساوان
نە گڕی ئاگری دڵ ما وو نە ئاوی چاوان
شەشە شاکیر،[٤٦] قەقە قوربان کەکە عەبدی خۆتە
فە فەرمانبەرە، چالاکە، گەلێ مەضبووطە
ئەڵێ: عەرضی بکە، ئەیزانێ کە من ناچارم
بۆ هەموو ئەمر و ئیرادەی چییە، منەتبارم
فەفە 'فەوزی' ئە ئەپاڕێتەوە دایم لە خوا
بە کە کامی دڵی تۆ بێ هەموو وەختێ، دنیا[٤٧]

(٣٢)

شینی شورطە و قافی قایمقام یەکی گرت، "الحذر"
بۆخچەگەردانێی شەقە، بۆ کوێ ئەچی، "این المفر"
مووددەعی شورطە، موحەقیق شورطە، شاهید شورطە بێ
کێ بێ ڕزگارت بکا، غەیری خودا و عەدلی عومەر
با لەسەر ئەخباری کاذیب، یا بە فیکرێکی بەتاڵ
بۆ سیاسەت حاضرئەکرێن، بێنەوا وەک بزن و مەڕ
با هەزاری تیا هەتیو بێت و گەلێکی تیا بچێ
پێی ئەڵێن چاکەی ئیدارەی تیا هەیە، دەفعی ضەرەر

---

[٤٦] دەبێ مەبەستی شاکیر مەجرووم بێ، کە شیعریشی بۆ نووسیوە.
[٤٧] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

ژینی مەئمووری پچووک و بێنەوا وەک مێرووە
هەوڵئەدا بۆ ژین، لە بەرپێدا ئەچێ بێ شوێن و سەر
سوورئەخۆم وەک فرفرۆکە، من بەدەس ئەم حاڵەوە
نوێنبەکۆڵ و نانلەپشت و داربەدەست و دەربەدەر
عیززەتی نەفس مانیعی پێشکەوتنە لەم عەصرەدا
'فەوزی' ئیتر چۆن ئەژیی لەم خاکەدا، خاکت بە سەر[48]

(٣٣)

هەرچی نەیبێ لەناوا پانی بەرزێ
وەکوو توولەی گەڕی لەڕ، هەر ئەلەرزێ
لە سەرتا گەر هەیە دەعیەی ڕیاسەت
تەشەبوث کە بە قاپیی سوخمەسەوزێ
خوداپێداوەکان وا پێگەیشتن
بە سەهلی هەر لە سایەی نەقشی درزێ
وەسیلەت پێ ئەوێ بۆ گەینە مەطڵەب
بەبێ قانع مەحاڵە چوونە ناو زێ
ئیتر 'فەوزی' نەماوە بۆ من و تۆ
نە ڕێی ژین و نە جێگای یەک وەنەوزێ[49]

---

[48] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.
[49] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

(٣٤)

تەخمیس لەسەر غەزەلی شێخ نووریی برازام

جیلوەگاهی نوورە خەڵوەتخانەیی خاصانی شەو
جێگەیی ئەسرارە، سرپۆشە، دڵی عیرفانی شەو
کێو لەبن دێنێ بڵێسەی ئاگری سۆزانی شەو
خۆت بپارێزە لە ئاهی دڵبریندارانی شەو
نەک -خواناکەردە- گیرابێ دوعای ناڵانی شەو

نەعرەتە و ناڵەی دەروونم گوێی مەلایێک کەڕئەکا
تانجەرۆی ئەشکم لەگەڵ ئاوی دوواوان شەڕئەکا
بۆکرووزی جەرگ و خورپەی دڵ شعوورم دەرئەکا
دڵ ئەبێتە قەطرەیێ خوێن و لە دیدەم سەرئەکا
هەر کە ڕابوورێ بە دڵما صوحبەتی جارانی شەو

دڵپەشۆکاوی فیراق و وێڵی سەحرای غوربەتم
شین و گریانی بەدایم بۆتە جوزئی خیلقەتم
خوێنی لێ ئەتکێ لە هیجرانا دڵەی پڕمیحنەتم
یاوەر و یاری ئەنیسم، ئاهـ و ئەشکی حەسرەتم
ئافەرین، ئەی "بارک الله" دیدەیی گریانی شەو

عاشقی شەیدا بەشی گریان و دەرد و حەسرەتە
دڵ بە داغی پێگەیشتن، پێ لە کۆتەی نەگبەتە

تێگەیشتن 'فەوزی' ڕێی ڕزگارییە لەم مەینەتە
نووری لەم پێچ و خەمی زوڵفە نەجاتت زەحمەتە
لای سەخی -طەبعەن- مەحاڵە ڕوخصەتی میوانی شەو[٥٠]

(٣٥)

تەخمیس لەسەر غەزەلی حەمدی (ئەحمەدبەگی فەتاحبەگ)

بۆ گەینە سەمای عەشقە، هیوام کەوتە طەیارە
ئەو شوعلەیە وا دەرئەکەوێ، جیلوەیی پارە
عاشق بەشی هەر دەوروخولی دەشت و نزارە
بۆ دیدەنی جانانە -عەجەب- بوومە سەیارە
گاهێ بە شەمەندووفەر و گاهێ بە طەیارە

لەم ڕێگەیی عەشقە ئەوی تێگەیی و بەسەرچوو
من مامەوە بۆ تیری موژە و عیشوەیی ئەبروو
دیسانەوە شێواوی فیراقە، دڵی بەدخوو
ساقی، بە فیداتم، قەدەحێکم بدەرێ زوو
هەر مەستییە بیکا غەمی ئەم فیرقەتە چارە

دڵ کەوتە سەما ئیمرۆ، بە گوڵچینی گوڵم کرد
بۆ حیفظی چرۆی خونچە، بە پەرژینی چڵم کرد

---
[٥٠] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

جانانه کەچی کۆتەیی کینی لە ملم کرد
پەیکانی موژەی هێندە برینی لە دڵم کرد
هەرچەند ئەکەم نایەتە میزانی ژمارە

شێتانە هەمیسانەوە دڵ بۆتە قەلەندەر
کەوتۆتە هەوای بەزمی مەی و ڕەقصی سەماکەر
ئاتەشگەدەیە، مەعبەدی وەک طەیری سەمەندەر
دڵ موجریمی عەشقە، بە خوا حەقیەتی دڵبەر
بیستوومە بە ئەگریجەوە ئەیدا لە قەنارە

مەیدانی عەشق شێتییە، خۆکۆشتنە، سووتان
مەی خوێنی جگەر، زەمزەمەیی موطریبە گریان
پێویستی عەشق وایە: ئیطاعەتکە بە فەرمان
بۆ پەنجە دورِ و لەعلێ کە پێی لازمە جانان
هەڵڕێژە دەسا دیدە سروشکت بە ژمارە

دڵ بەستەیی زنجیرتە، بۆچی ئەپسێنی
فامم هەموو بۆ عەشقتە، بۆچی ئەڕمێنی
ئەم ئاگری عەشقە بەسە، بۆچی ئەدەمێنی
بازاڕی مەی و مەیکەدە بۆچی ئەشکێنی
بەم مەستییە، بەم عیشوەیە، بەم چاوە خومارە

ڕۆحی چییە نەیکا بە فیدا، فەوزیی بێخێر
کە دایم لە سجوودا نەبێ، وەک ڕاهیبی ناو دێر
بۆ خذمەتی جانانە، کەمەربەستەیی وەک شێر
باکی چییە حەمدی کە دەمی خەنجەر و شمشێر
ئەبرۆتە کە ئەبڕێ جگەری، هەر بە ئیشارە[٥١]

(٣٦)

تەخمیس لەسەر غەزەلی حەمدی (ئەحمەدبەگی فەتاحبەگ)

دەردەداری عەشقە دڵ، چیمە بەسەر دەرمانەوە
دەردی من دەرمانی کوا؟ چیمە بەسەر لوقمانەوە
باسی عەشقە گفتوگۆم، چیمە بەسەر سوحبانەوە
من لە عام چوومەدەر، چیمە بەسەر ئینسانەوە
ئێستا ئینسانم کە چوومە مەسلەکی حەیوانەوە

کەفتەکاری عەشقە جەستەم، وا مەزانە بێفەڕم
یا پەشۆکاوی دەسی حیلەی ڕەقیبی سەگوەڕم
ئیرثی مەجنوونە، خەریکی گەردشی دەشتودەرم
شێت و شەیدایی نیگاهی چاوی مەستی دڵبەرم
پێکەنینم دێ بە کوشتن، چیم بەسەر گریانەوە

[٥١] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

چوومە بازاڕی مەحەببەت، تیانەبوو شێتی نەبێ
جیلوەیی عەذرا وو عیشوەی چاوەکەی مەیلی نەبێ
تێشکام لەو بەزمەدا، نەمزانی سەر جێی پێ ئەبێ
کەس نەبوو داوێنی ساقی بابدا، ڕەحمی ببێ
خوێنی من بۆچی ئەکاتە کاسەیی خووبانەوە

من غوڵامی عەشقم و چیمە لە باسی تاجی کەی
یا لە بەزمی مەیکەشان و قوڵقوڵی مینایی مەی
کۆڕی عەشقە و ڕۆژی شێتی، بەزمەکەی یارانە دەی
کوڵمی هەڵگیرسا وەکوو ئاگر، بە نووری ئاوی مەی
دڵ وەکوو پەروانە چۆتە مەجلیسی سووتانەوە

شێتی عیشوە و نازم و کوشتەی نیگا و ئەبرۆیی تۆم
خۆشدەماغم، چونکە مەستی عەشقی ڕەنگوبۆیی تۆم
دایما مەجنوونصیفەت شێواوی جوستوجۆیی تۆم
تاجداری خوسرەوانم، چونکوو خاکی کۆیی تۆم
خاکی کۆی تۆ گەوهەرە، تاجە بەسەر سوڵطانەوە

گەر ڕەقیب یەک شەو لە حاڵی عاشقان غافڵئەبوو
حیلە وو فێڵی وەکوو سیحری درۆ باطڵئەبوو
تۆوی ئوممێدم لە باخی وەصڵییا کاملئەبوو

ئارەزووی وەصلم لە هیجرانا ئەگەر حاصڵ‌ئەبوو
جا دەبوو بمرم بە داخی یەکنەفەس هیجرانەوە

کەشفی ڕوخسارت بە کێ ئەکرێ، وەکوو سیحری حەڵاڵ
عیلم و فەننی عەصری حاضر تیا کولە و حیکمەت بەطاڵ
مژدەیێکی خۆشی هێنا ئیمڕۆ بۆم، بادی شەماڵ
حاشییەی زوڵفت عەیانی کردووە سیڕڕی جەماڵ
هەر وەکوو تەفسیری بەیضاوی بەسەر قورئانەوە

قەط ڕەقیب لێم ناگەڕێ بمرم بە حاڵی خۆمەوە
بەڵکوو ڕزگاربم لە دەستی تیری طەعنە و لۆمەوە
تا بە کوشتی دام بە موژگان، کەوتمە حاڵی خۆمەوە
خوێنی خۆمە کەوتە سەر لێوت، حەقە بیخۆمەوە
بیدە وەک ساقی کە دەیدا مەی بەدەم مەستانەوە

موعجیزەی عەشقە ئەبینی عاشقە و ئەدرێ لە دار
یا لە کۆڵانی غەما ئەمرێ، وەکوو کۆرپەی هەژار
بەشکراوە ڕۆژی خۆی، ئەدرێ بە پێویستی قەرار
من فیراری دەوڵەتم، ئەمما ئەسیری زوڵفی یار
شاد و مەحزوونم کە مەشهوورم بە دوو عینوانەوە

دوور لە تۆ -جانا- کەوا بێ‌ڕەنگ و بێ‌ڕوو مامەوە
بێ تەماشای ناز و عیشوەی چاو و ئەبروو مامەوە

لانەوازی هیجری تۆم، وەک طەیری ونبوو مامەوە
دەرنەکەوتی، بۆیە بەم جەژنە بەڕۆژوو مامەوە
جەژنی من جەژنانەیی تۆیە بە ماڵ و جانانەوە

چینی ئەگریجەت وەکوو ئۆردووی حەبەش کەوتۆتە ڕوو
ئیستیلای کرد ڕۆژی ڕووت و چاو و ئەبرۆ مووبەموو
'فەوزی' وەک درویشەکان کەوتۆتە حاڵی های و هوو
تووخودا ڕەحمەت ببێ، بەسیە، ئیتر بنوێنە ڕوو
ئینتیظاری مانگە حەمدی، چونکە بەم سەربانەوە[٥٢]

(٣٧)

دڵێ گیرۆدەی زوڵف و خاڵ نەبێ
شەیدای عیشوەیی چاوی کاڵ نەبێ
ئاواتەخوازی لێوی ئاڵ نەبێ
لە بۆتەی عەشقا زیوی قاڵ نەبێ
ئەو دڵە -یا خوا- بەر خەنجەر درێ
وەک کۆتەی قەصاب لەتوپەتکرێ

سەرێ شێواوی عیشوە و ناز نەبێ
دەنگی وەک تەلی تار و ساز نەبێ
پۆڕی خوراوی بازی ناز نەبێ

---

[٥٢] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

له ڕێگەی عەشقا بەردەباز نەبێ
ئەو سەرە -یا خوا- جێگەی سەر دار بێ
بەپەنگکراوی کووچە و بازاڕ بێ

چاوێ ڕێژراوی کلی خەم نەبێ
فرمێسکی خوێنی زۆر و کەم نەبێ
دنیای ڕووناکی لە لا تەم نەبێ
بۆ وێنەی نیگار جامی جەم نەبێ
ئەو چاوە -یا خوا- دایم بێنوور بێ
خۆراکی مار و دووپشک و موور بێ

دەمێ بە ذیکری یار نەکرێتەوە
زووخاوی جەرگی لێ نەسڕێتەوە
شوکری جانانەی پێ نەدرێتەوە
گرەوی عەشقی پێ نەبڕێتەوە
ئەو دەمە -یا خوا- ئەنجنئەنجن بێ
خنکاوی بەحری غەمی بێبن بێ

پێیێ گەڕۆکی کووچەی یار نەبێ
لە هاتوچۆدا بریندارنەبێ
دایم ضەعیف و دەردەدار نەبێ
لە کۆتەی عەشقا گرفتارنەبێ

ئەو پێیە -یا خوا- دایم ئەسیربێ
بەشی هەر بەند و کۆتە و زنجیر بێ
عەقڵێ وەک عەبد و خزمەتکار نەبێ
لە خزمەت یارا فیداکارنەبێ
لە ساحەی عەشقا چابوکسوارنەبێ
لە حیلەی ڕەقیب ئاگادارنەبێ
ئەو عەقڵە -یا خوا- بەشی شێتی بێ
خوێڕی و کۆڵانکوت، هەر پاپەتی بێ
فەوزی کە سەری بێسەودای بوێ
دڵی بێشۆر و بێنەوای بوێ
چاوی بێفرمێسک، بێدەوای بوێ
دەمی بێدەنگ و بێصەدای بوێ
پێی ڕاکشاوی بێبەڵای بوێ
عەقڵی بێفەڕ و خۆنمای بوێ
خەجاڵەتباری بارەگای یار بێ
لە قاپیی عەشقا با شەرمەزار بێ[٥٣]

[٥٣] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

(٣٨)

بارەگایی عەشقە جێی تەجەللایە
لەو مەقامە گەدا شەهنشایە
سەر لە جێی پێ بنێرە وادیی عەشق
تێئەگەی شوێنی دڵ چ باڵایە
سوجدەگاهی خاص و عامە، کۆی نیگار
پڕ لە دەروێش و شێخ و مەلایە
تاقی ئەبرۆی نیگارە، کەعبەیی دڵ
نەخشی یەزدانە، پڕ لە مەعنایە
'فەوزی' ڕووی هەر لە یەثروبە دایم
بە هیوای لوطفی شاهی لەولایە[٥٤]

(٣٩)

موقتەضای عەشقە، شێت و شەیدا بە
وێڵ و سەرگەردی کێو و سارا بە
بە ئومێدی ویصالی وەک مەجنوون
قۆچی قوربانی کۆچی لەیلا بە
خۆت لە قوڕگی نەهەنگی لادە
پێڕەوی کەشتیوانی ئاڵا بە

[٥٤] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

گوێ لە تانەی ڕەقیبی سەگ مەگرە
ڕوو لە ئاسۆی هیوا بکە و ڕابە
خۆ بە تەنیا پێگرتنت 'فەوزی'
ڕێی نەجاتە لە "ماسوا" لابە[٥٥]

(٤٠)

بۆ حەپسەخانی نەقیبم نووسیوە:

دووروڵاتیی من نەتیجەی ئیشی پیاوی ناکەسە
نابەدی بۆ حاڵی من، وەک میوەیێکی زووڕەسە
با حەویجەش مەسکەنم بێ، حەپسەخان، باکم نییە
من غوڵامی لوطفی تۆم و لوطفی تۆ بۆ من بەسە
چونکوو تۆ نوطفەی کەسێکی ڕەحمەتە بۆ خاص و عام
بۆ خراپ و چاکی خۆشی دایما فەریادڕەسە
حەضرەتی شێخ، گەرچی بێلوطفە لەگەل ئەم موخلیصەی
مەبدەئی من مەحکەمە، گوێ نادەمە ئەم وەسوەسە
'فەوزی' ڕووی کردۆتە یەثروب، چاوەڕوانی ڕەحمەتە
بارەگاهی مصطەفایە، جێی هەژار و بێکەسە[٥٦]

---

[٥٥] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.
[٥٦] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

(٤١)

ئارەزووت گۆڕی بە ڕێگەی ڕاستی حەق بردنە
جێی نیشانکردەی ڕەسوولی کیبریا بەرزنجەیە
بارەگاهی بەرزی یەکتای ئەولییا بەرزنجەیە
ڕووکەرە بەرزنجە، جێگای مردوو زیندووکردنە

جیلوەگاهی عیسای ثانی، نووربەخشی عالەمە
طەیری باخی وەحدەتە، غەوواصی بەحری ڕەحمەتە
سەرگرووهی ئەولییا، شابازی ئەوجی عیززەتە
نووری چاوی مورتەضا، مەحبووبی فەخری عالەمە

مورشیدی ڕێگەی حەقیقەت، غەوثی ثانی، قوطبی دین
شێخ مووسایە، کە وەک مووسا یەدی بەیضای هەیە
بۆ گرووهی مونکیرانی کەشفی بێهەمتای هەیە
یاوەری لوطفی خوایە و یاری "فخر المرسلین"

شەعشەی خستۆتە دنیا نوطفەیی بابارەسووڵ
جێنشینی حەضرەتی مووسا وو عیسای ثانییە
هەر کەسێ ڕووی تێنەکا بۆ دین و دنیای چانییە
پەرتەوی نووری خوایە و زوبدەیی ئالی ڕەسووڵ

مەنطیقەی کورد پڕ لە نوورە، بۆتە مەئوای ئەولییا
ڕاستەی کەعبەی کوردە بەرزنجە، شوعاعی نووری وەک

کارەبا پرشنگئەدا، دیارە هەتا ئەوجی فەلەک
دەشت و دەر، شاخ و چیای بۆتە مەزاری ئەتقییا

هەڵتوروشکاوە وەکوو سواڵکەر لەوێدا بۆ عەطا
'فەوزی' بیبێ ماڵ و حاڵ، دەستەپاچە و بێهونەر
شەرمەزار و لێوبەبار و بێنەوا وو دەربەدەر
تا لە گیرفانی حەمییەت دێتە دەر، دەستی سەخا[57]

(٤٢)

شیری ئەبرۆی ناوەتە سەر چاوی مەست ئیمرۆ بە ناز
بۆ قڕانی عاشقانە، ئەمری دا ئەو سەرچڵە
تا لە بەرچاوی نەمێنێ، ئەو کەسەی ئەهلی دڵە
پۆڕی دڵ چۆن دەرئەچێ -ئیتر- لە چنگ شاهێن و باز

مەسلەکی عەشق و مەحەببەت، زۆر گرانە و بێئەمان
دڵ ئەسووتێ، جەرگە ئەبرێ، کاری عەشقە و سەرئەچێ
عاشقە و پەلپەلئەبێ، ئەیبینی، یا بێسەر ئەبێ
موقتەضای عەشقە ئیطاعەت، شەرطە بۆ مان و نەمان

سەر لەسەر ئەژنۆ بنێ، ڕووی دڵ لە لەیلا کە و برۆ
بارەگای عەشقە، ئەبینی جێی تەجەللای دڵبەرە

---

[57] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

صەد هەزارانی وەکوو مەجنوون لەوێدا بێسەرە
نابێ گوێ بگری لە ئەفسانەی ڕەقیبی پڕدرۆ

عاشقی وەصڵی، بەدایم ڕووکەرە قاپیی نیگار
خوێنی دڵ بڕژێ لە چاو، ئەستێرە بژمێرە بە شەو
تا بەیانی صوبحئەدا، ئەیبینێ چاوت خۆشیی خەو
دامەنت سووربێ لە خوێنا، وەک گوڵاڵەی نەوبەهار

'فەوزی' چیم داوە لە دنیا، بۆتە یارم دەردی ژین
لایێ ڕووزەردی گوناهە، لایێ دەردی هیجری یار
شێتوویێت و قوڕبەسەر، ئەگریم وەکوو هەژار
چارەیێ کوا؟ غەیری لوطفی "رحمة للعالمين"[٥٨]

(٤٣)

شاهی دڵ ماتە بە دەس سوارە و پیادەی لاتەوە
فەرزی شاییم شینئەکا، وا لەشکری غەم هاتەوە
مۆرەیی طالع هەمیسان شەشدەری گیرایەوە
نەردی ئیقباڵە لە ناوا، بەختی کێ ئەیباتەوە؟
چون شەرارەی مەعصییەت دڵمی گوشیوە، بۆتە بەرد
خونچەئاسا مەر نەسیمی لوطفی حەق بیکاتەوە

---

[٥٨] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

دامەنی عیسایی ثانیم گرتووە و لێی ناگەڕێم
تا دڵی مردووم بە نووری لوطفی زیندووکاتەوە
هەڵتوروشکێ 'فەوزی' لەو بەر قاپییە، جێی هیممەتە
نووربەخشە صاحێبی، ژەنگی دڵان ئەشواتەوە[59]

(٤٤)

با فیراق بیکا بە قەقنەس، سۆزی دڵ نابڕێتەوە
سەر لە مەیدانی عەشقدا بێ، گرەو ئەیباتەوە
نووری عەشقە قووەتی دڵ، هێزی ئەژنۆی عاشقە
بێ نەسیمی لوطفی یار، خونچەی هیوا ناکرێتەوە
جێنشینی قەیسم و سەحرایە جێگە و مەسکەنم
شۆری لەیلایە لە سەرما، تا ئەبەد نابڕێتەوە
داغداری عەشقە دڵ، ساقی دەخیلتم، هیممەتێ
بێ شوعاعی نووری مەی، زاخاوی دڵ نادرێتەوە
هایوهووی عاشق لە تەکیە و خانەقادا، گەر نەبێ
ناوی صۆفی و شێخ و دەروێش، یا ڕەبی ببڕێتەوە
'فەوزی' لادە، ڕوو لە عالەم، جێی هیوا کۆی دڵبەرە[60]
جیلوەگای یارە، گرێی دڵ هەر لەوێ ئەکرێتەوە[61]

---

[59] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.
[60] ئەم نیو بەیتە وایش نووسراوە:
فەوزی لادە، ڕوو لە عالەم، جێی هیوا هەر یەثروبە

(٤٥)

جێی هیوام نیت، ئەی فەلەک، دنیام بدەیتێ نامەوێ
ڕووتوقووتیم شاهییە، دیبام بدەیتێ، نامەوێ[٦٢]
عەطری خونچەی وەصڵی یارم بولبول‌ئاسا دەسکەوێ
نیعمەتی دنیا وو "مافیها"م بدەیتێ، نامەوێ
تاجی عەشقم وا لە سەردا، کونجی فەقرە عیززەتم[٦٣]
حیشمەتی ئەسکەندەر و دارام بدەیتێ، نامەوێ
گەر لە خاکی یەثروبا جێی هەڵتوروشکانم ببێ
جامی جەم، تاجی کەی و کیسرام بدەیتێ، نامەوێ
چۆڵپەرستی بۆ بکەم، دڵبەر لە دڵمایە ئیتر
هەر وەکوو مەجنوون چیا و سارام بدەیتێ، نامەوێ
من بە شوعلەی چلچرای ڕووی یار ئەسووتێم، کافییە
وامیقی ئاوارە نیم، عەذرام بدەیتێ، نامەوێ
'فەوزی'من شێتی ویصالم، چیم لە تاڵی و خۆشییە
بێ هیوای یار، جەننەتولمەئوام بدەیتێ، نامەوێ[٦٤]

---

[٦١] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.
[٦٢] لە بریی "دیبام"، پێشتر "کاڵام" نووسراوە.
[٦٣] لەبریی "عیززەتم"، پێشتر "مەسکەنم" نووسراوە.
[٦٤] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

(٤٦)

شۆڕشی عەشقە لە سەرما، زەمزەمەی لێ نابڕێ
دڵ ئەبێ زەردەشتی بێ، قەط ئاگری دانامرێ
تانەیە کەوتۆتە سەر چاوم، لەتاو تانەی ڕەقیب
تا نەیە ئەو دڵبەرە، ئەم تانەیە لانابرێ
دڵ لەناو بۆتەی مەحەببەتدا نەسووتێ و قاڵنەبێ
هەرزەیی قەط مەشقی عەشقی دڵبەری پێ ناکرێ
نەشئەیی بادەی مەحببەت، دڵ لە عالەم دەرئەکا
بێ شەرابی عەشق شعووری "ماسوا" لانابرێ
سەر لە جێگەی پێ بنێ و چوڵی مەحەببەت بگرە بەر
پەیڕەویی ڕێگەی مەحەببەت وا نەبێ، سەرناگرێ
بۆیە دڵبەر دڵمی برد، تا یادی غەیری ئەو نەکا
وا ڕەقیب بەم داخەوە ئەتلێتەوە، بۆ نامرێ؟!
'فەوزی' ناڵینی نەبێ، فرمێسکی چاو نەڕژێ بە شەو
سالیکی ڕێگەی مەحەببەت وا ئەکا، جێ ناگرێ [٦٥]

---

[٦٥] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.
نیوەبەیتی کۆتایی بەم شێوەیەیش نووسراوە:
شەوڕەویی پێ ناکرێت و بێسەبەب ڕێنابڕێ.
شاعیر، لە دەفتەرەکەی خۆیدا، پێنجخشتەکیی حاجی میرزا عەبدوڵڵای کۆیی (خادیم)ی لەسەر ئەم شیعرەی خۆی نووسیوەتەوە، کە لە هەردوو بەرگی "دیوانی خادیم"دا نییە و ئەمەیە:

غەیری داغی دڵ بە بیماری مەحەببەت نادرێ
چارەیی دەردم بە لوقمان و فەلاطوون ناکرێ
مەنعی شینم بۆ ئەکەن، یاران عیلاجم ناکرێ
"شۆڕشی عەشقە لە سەرما، زەمزەمەی لێ نابڕێ
دڵ ئەبێ زەردەشتی بێ، قەط ئاگری دانامرێ"

گەر موصەوویر بۆم بکێشێ نەقش و تەصویری حەبیب
یا بە چاوی دڵ ببێ جیلوەی جەماڵی ئەو نەصیب
وەرنە بیناییم وەکوو یەعقووب نەماوە، ئەی طەبیب
"تانەیە کەوتۆتە سەر چاوم، لەتاو تانەی ڕەقیب
تا نەیە ئەو دڵبەرە، ئەم تانەیە لانابرێ"

قەط شەرابی عەشقی شیرین نابێ، تاکوو تاڵ نەبێ
دڵ بە وەصڵی ڕاضی نابێ، گەر بە مانگ و ساڵ نەبێ
لەذذەتی مەستی کەسێ نایچێژێ، صاحێبحاڵ نەبێ
"دڵ لەناو بۆتەی مەحەببەتدا نەسووتێ و قاڵنەبێ
هەرزەیێ قەط مەشقی عەشقی دڵبەری پێ ناکرێ"

بەرگی گوڵ بێ تۆ لە چاوم کاری صەد نەشتەر ئەکا
بادەیی ئەم بەزمە، ئێمە تووشی دەردیسەر ئاکا
یەک نیگاهی نازی تۆ، کاری مەی و ساغەر ئاکا
"نەشئەیی بادەی مەحببەت، دڵ لە عالەم دەرئەکا
بێ شەرابی عەشق شعووری "ماسوا" لانابرێ"

حوسنی لەیلا تا لە مەحمەلدا نەبێ بۆت جیلوەگەر
شەرطە وەک مەجنوون لە صەحرایی جنوون نەچێتەدەر
چارەیی دەردت ئەزانی چۆنە، ئەی خاکت بە سەر

(٤٧)

شیری برۆی کێشاوە، ئەمری داوە بە چاوی
بۆ کوشتنی ئەوانەی کەوتوونەتە ناو داوی
گوڵەسوورە جوانەکەی باغچەی هیوای ژیانم
خوا ڕەحمت لە دڵ نێ، ساتێ ببییە میوانم
نرخی وەنەوشەی نەهێشت، بۆی عەطری زوڵفەکانی
بازاڕی لەعلی شکان، سوورایی لێوەکانی
ئەگریجەکانی ئەڵێی ئۆردووی زەنگی و حەبەشە
ڕۆژی ڕووتی پەشێوە، ئەو کافرە ڕووڕەشە
پەچە لەسەر ڕووت لادە، با ڕۆژی ڕووت دەرکەوێ
تا شەوقی ڕووت نەمێنێ، شوعلەی کوڵمت سەرکەوێ
ساقی، بە عەشقی چاوی ئەو شۆخە نازەنینە
بێنە شەرابی گوڵڕەنگ، ئیمڕۆ دڵم غەمگینە

"سەر لە جێگەی پێ بنێ و چوڵی مەحەببەت بگرە بەر
پەیڕەویی ڕێگەی مەحەببەت وا نەبێ، سەرناگرێ"
عاشقی شەرطە کە هەرگیز ئیستیراحەت شەو ناکا
چاوی خوونباری لە جۆشی گریە ساتێ خەو ناکا
دڵ خەیاڵی بوو کە غافڵ بێت و یادی ئەو نەکا
"بۆیە دڵبەر دڵمی برد، تا یادی غەیری ئەو نەکا
وا ڕەقیب بەم داخەوە ئەتلێتەوە، بۆ نامرێ؟!"

گێژ و دەبەنگ و زارم، ئەسیری زوڵفی یارم
شێتی عیشوەی نیگارم، شێواوی لەنجەولارم
وەکوو مەجنوون بە دایم وێڵی هۆبەی لەیلا خۆم
لە ئاوەدانی بە دوور، وەحشی دەشت و چیا خۆم[٦٦]

(٤٨)

کاتێ ئەحمەد فەوزی لە ئەووەڵی ساڵی ١٩٣٩مدا لە ناحیەی سەنگاوەوە بۆ ناحیەی سوورچی گۆڕاوە، ئەم هەڵبەستەی بۆ شێخ مەحموود ئەفەندی ناردووە:

یا شێخ، بەو خواکەی کەسنەناسەکە
بەو فرستادەی بێهەراسەکە
بە چوار هاورێکەی لە ڕۆژئاواوە
تا وە خۆرهەڵات مەشیان وە پاوە
شوێنی یەکێتی و یارمەتییەکدان
ڕێی خولاصییان وە یەک نیشاندان
وێنەی تۆ طووطیی دڵ بۆتە قەقنەس
ڕۆح بەو بۆنەوە ئەژی و ئیتر بەس
ئەنجا بەو پیرەی کە پێی ئەنازی
بەبێ دەسیسە و حیلە و فێڵبازی

---

[٦٦] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

من بەم حاڵەوە ئیدارەناکەم
ئەستۆم شکاوە، پێم بەندە ڕاکەم
دڵ پەشۆکاوی دووریی لەیلایە
وەک ئاسکی تەنیا لە گەل جییایە
لەجیاتیی پیاڵەی یاقووتی لێوان
زووخاو ئەچێژم شەو تاکوو بەیان
دوورکەوتەی وڵات بابانزەمین خۆم
ڕەهەندەی جەوری تورکی بێدین خۆم
ئەوسا قیبلەی دڵ ئەبرۆی نیگار بوو
پەخشانی باڵام زوڵفی دڵدار بوو
گا مەستی نەشئەی عەطری لێوان بووم
مەدهۆشی عیشوە و لەنجەی جانان بووم
جامی جەمشیدیم ڕووی نازداران بوو
چقەی خوسرەویم غونچەی گوڵان بوو
هەر وەکوو بولبول لەم چڵ بۆ ئەو چڵ
گوڵچنیم ئەکرد بە ئارەزووی دڵ
ئێستا گیرۆدەی چییای سوورچی خۆم
هەمڕازی وەحشی و هەرچیوپەرچی خۆم
قەسەم بە طوررەی زوڵفی موشکبار
بە نیمنیگاهی چاوی پڕخومار

به سەری کوڵمی نازکئەنداماان
به میناى گەردن، به چاى زەنەخدان
به کەچیی برۆى مەهوەشان قەسەم
به زرەى پیاڵەى مەیکەشان قەسەم
شەو و ڕۆژ پیشەم هەر واوەیلایه
دڵی بێچارەم وا لە وەیلایه
ئەنیسم گریه و شین و ڕۆڕۆیه
ئومێدێکم بێ، هەر لوطفی تۆیه[٦٧]

(٤٩)

له لایەن شێخ ئەحمەد غەنی (فەوزی)یەوە کاتبی ناوچەی بەرزنجه بۆ ئەحمەد شوکری، کە ١٩٥٣/٩/٧ لە بەرزنجه بووه.

بای سوبح و سەحەر، خێراکه هەسته
ڕووەو بیاره برۆ، مەوەسته
ئەم نامەی منه بۆ شوکری بەره
وەک من ئەحمەده و خاوەن جەوهەره
پاش سەلامکردن، وا بڵێ به ئەو
ڕووکاته قاپیی خوا ڕۆژ و شەو

[٦٧] سەرچاوە: دەفتەری "ئەشعاری ئەحمەد فەوزی"ی نەجمەدینمەلا.

بلێ: ڕەفیقت فەوزیی گوناهبار
زۆر فیکرت ئەکات، ئەی برای بەکار
بەرزنجەت جێهێشت، ڕووت کردە بیارە
بەرزنجە و بیارە موبارەک دیارە
هەردوو شوێنەکە جێگەی تەقوایە
قادری و نەقشی ڕووی لە یەک لایە
تەریقەی نەقشی وەرگرە کاکە
خەتمە و تەهلیلە، بۆ ئێوە چاکە
بیارە مەکانی شێخ و مەلایە
بەرزنجەش دیارە نووربەخشیی تیایە
عاقیبەت ئەمری، ئەچیتە ژێر گڵ
بۆ خوا تێکۆشە، پێت ئەڵێم بە دڵ
دنیا بۆ هیچ کەس نامێنێ، دیارە
خواشناسیەکەی چاکە لە بیارە
شاعیری ئازیز، خۆشلەهجە و شیرین
چوویتە خزمەتی شاعەلائەددین
باوەڕت وابێ 'شوکری' بێگومان
بە شەو و بە ڕۆژ وان لەسەر زمان

حوببت لە دڵی 'فەوزی' چەسپاوە
لە دڵ دەرناچێت هەتاکوو ماوە[٦٨]

---

[٦٨] سەرچاوە: دەفتەری "شاعیر.
ئەمە شیعرنامەکەی ئەحمەد شوکرییە بۆ ئەحمەد فەوزی:
کاکی بەڕێزم، شاعیری وڵات
سەلامی زۆرم بۆ تۆ بێت خەڵات
بەری ئەم دنیات خوارد بە ڕووسووری
نۆشی گیانت بێ، مامی شێخ نووری
کۆچی خێر بکە، با بەس بێ دەسا
بڕۆ بۆ خزمەت شێخ عیسا و مووسا
تا بتبەن بۆ لای "فخر المرسلین"
تکات بۆ بکات لای خوای عالەمین
وەها دیارە تۆ تاوانباری
نابیت بە شوکری، کاکە هەژاری
شێخ ئەحمەد غەنی نامەکەت یاوا
بۆچ منت کردوە بەبێ دین ئاوا؟!
لە پانزەی ئەیلوول گەیشتە دەستم
سرووری خستە نێو دڵەی پەستم
وەڵامم دانۆ وەک ئەو قافییە
ئەم ئامۆژگارییەم بۆ تۆ کافییە
فەرمووتە گۆیا تێکۆشم خاڵە
ڕێگەی ڕاست گرتن بێ درک و داڵە
ئەم ڕێگە ڕاستە من وام لە سەری

هەر لە شەقامۆ داومەتە بەری
دەڵێم: یا شێخم، ئاغام، یاخۆ بەگ
دەسکردی خۆیم، خۆم بۆ بکە بە سەگ
لالۆ کە وابێ کڵاوم لارە
کردەوەی خراپ خوا ناکات دیارە
خۆ خۆی کردوومی، هەرچۆنێ هەڵچم
مژدە بێت بە تۆ بۆ بەهەشت ئەچم
کەس بە دەسکردی خۆی ناڵێت خراپ
گۆیا قابیلە بمکات بە کەباب
ناترسم بە خوا، بە قەد سەری موو
ترسین بۆ تۆیە خاڵۆی ریشچەرموو
"لاتقنطوا"م من لەپێش چاوە
بۆ تاوانباران خوا دایناوە
وەک من بێ سووچ و گونا بێت کەسێ
"ولا تقنطوا"ش نەبێت، ناترسێ
بۆ نەختێ تاوان خوا بمسووتێنێ
فەرقی من و ئەو لە کوێ ئەمێنێ؟
فەرقیش بە وێنەی ئاسمان و ئەرزە
ئیتر تۆ بۆچی کەوتوویتە لەرزە؟
ئەگەر لێت خۆش بێ، یاخۆ خۆش نەبێ
بە داد و هاوار هیچ بە هیچ ئەبێ
لاچۆ با نەیخوم، تەلاقم هەر سێ
ئەوی بترسێ، هەرگیز ناخلەسێ (هەمەجۆر، بەرگی یەکەم، ١٩٦١، ل٢٦)

(٥٠)

تەخمیس لەسەر ڕوباعیی مەحوی

بەزمی ویصالی عاشقانە و دەفتەری هیجرانە طەی
زەمزەمەی بۆس و کەنار و ذەوقی دەسلەملانە دەی
چیم لە جاهـ و حیشمەتی جەمشیدە، یا کاووسی کەی
هەی لە ژن کەمتر، موعەططەل بۆچی نەیژەن لێدە نەی
ساقییا، ساقت شکێ، بەس ڕابوەستە، بێنە مەی
پێگەیینی عاشق و مەعشووقە، ئۆخەی، لێگەڕێن
ئەو سەگەی ناوی ڕەقیبە، با نەزانێ، پێی مەڵێن
موحتەسەب ئەستۆی شکا، ئیعلانە بۆ مەست ناگەڕێن
ئەو قورمساغەی -ئەڵێن- پیری موغانە، پێی بڵێن
پیری ئاخرشەڕ، دەری مەیخانە تا کەی دائەخەی[٦٩]

(٥١)

دوعای باران لەسەر شیعری ئەحمەد شوکری تەخمیسکراوە

غەیری قاپیی ڕەحمەتت، جێ کوا -ئیلاهی- تا بچین؟
نیعمەتی تۆ گەرنەبێ، چیی تر هەیە تا پێی بژین؟
مەرحەمەت کە، ئەی خودایا، بەشقی "فخر المرسلین"

---

[٦٩] سەرچاوە: دەفتەری "شاعیر.

هەوری ڕەحمەت بێنە جونبوش، دابرێژێ چین بە چین
دەشت و دەر، شاخ و چیا، تێراوکە "رب العالمین"

ڕووی زەمین بێڕەونەقە ئیمڕۆ کە وەختی وەحشەتە
سەوزەگیا تینی نەما، لالە لە تینوانا ڕەشە
کێ لە لوطف و شەفەقەتی تۆ، یا ئیلاهی، بێبەشە
ئادەمیزاد گەرچی عاصیی پڕگوناهـ و ڕووڕەشە
بێگوناهە وردە گیاندار و گژوگیای سەر زەمین[٧٠]

(٥٢)

ساڵی ١٩٣٠ حکوومەتی ئینگلیز لە کوردی سولەیمانی، عەسکەری ئەگرت. نزیکەی سێچوارهەزار عەسکەری گرت. قاضیی شەرع عەسکەرەکانی تەحلیف (سوێند) دا کە خیانەتنەکەن. ئەحمەد 'فەوزی'ش ئەم هەڵبەستەی لە بارەی قاضی وت:

مەقصەدی قاضی لە تەحلیفا وەهابوو، سەرکەوێ
موعجیزەی قورئانە، تا کافر بە جارێ دەرکەوێ
خاچی هێنا، نایە سەر حوکمی خوا، بە ئەتکی دین
بەڵکوو بەر لوطف و ویقایەی حەضرەتی مێجەر کەوێ

---

[٧٠] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

ڕووڕەشی قاپیی شەریعەت، خەجڵەتی دەرگای خوا
مەر قیصاصی جورمی تۆ بەر حوکمی پێغەمبەر کەوێ
بۆ .... خۆی و ئەتباع و مەحاریمی هەموو
کێ غەزای وای بۆ ئەبێ، سەر غەزوەیی خەیبەر کەوێ
بۆ سیاسەت چاکە بیللا، با هەموو .... بە عام
نەوعی مێشوولە و مەگەز،بەرحوکمی بای صەرصەر کەوێ
داخی قاضیم قەت لە دڵ ناچێتە دەر، جەننەت ئەکەم(؟)
تاکوو ئەم حەقە دەست ئەولادەکەی حەیدەر کەوێ[71]

(٥٣)

لە کفری یادگارە:

حەسەبحاڵی فەوزی بۆ جەنابی شاکیر ئەفەندیی مەجرووم‌زادە،
٢٤ی جومادیلئەووەڵی ١٣٥٥-١٢/٨/١٩٣٦

شاکیر مەجرووم، هەتا ماوی، ئیلاهی نەمری
لە قەضا پەنجە مەدە، تا نەکەویتە کفری
کافری نیعمەت ئەوانەن بە قەدەر ڕاضی نین
گەرچی ڕاضی بە قەدەر، بوونە لە ئینعام بەری
بۆ ئەمە سەربکەوین، سەعیەکەمان قەهقەرییە
نیسبەتی عار و ئەدەب مایەوە بۆ دەردەسەری

[71] سەرچاوە: دەفتەری "ئەشعاری ئەحمەد فەوزی"ی نەجمەدین‌مەلا.

تێگەیشتن سەبەبی قەهر و عەذابە و ذیللەت
بۆ تەرەففوع بە خودا چارنییە، غەیرەز کەری
تۆ بە کوردی دەخوڕی، ئەو عەرەبی، ئەم تورکی
یار بە "تووتوو" دەلەقێنێ سەر و دەیداتە بەری
بێ ئەمەل ماوە عەمەل، موظلیمە موستەقبەلی تۆ
کوڕ بەدەس خۆی نییە .... بێ، دەبێ هەر بگری
جەسارەت و طەعنەیی نائەهل و پڕوپووچی زەمان
ذەررەیێ ذەوقی نەهێشتووە لە وڵاتی کفری
دوێنێ وەک جووجەڵە بۆ دان دەگەڕا و گوێزی ئەدا
ئەمڕۆ بۆتە کەڵەشێر، سەیریکە، بگرە و بگری
ثابیتی بێئەمەرە وەضعی زەمان، سووڕی دەوێ
'فەوزی' وا چاکە کە تۆش لەم قصەیە تێبپەڕی[٧٢]

(٥٤)

ئەی کەژ و کێوی بەرز و دەشت و چیا
ئەی هەموو وەحشییانی چۆڵی خودا
ئەی ئەوانەی بنووسی خێر و شەڕن
ئەی پەری و جینن و ئەی مەلانی هەوا

---

[٧٢] سەرچاوە: بەڕێز فەرهاد شاکیر مەجرووم، پێشتر وێنەیەکی شیعرەکەی -بە سپاسەوە- خستووەتە بەردەست.

ئێوە شاهێدی باوەڕی من بن
بە ڕەسووڵی قوڕەیشیی و بە خودا[٧٣]

(٥٥)

(هەر ئیسمێ بەم نەوعە حیسابی بکە،
نەتیجە ٦٦ ئەمێنێتەوە کە اللەیە)

عدد هر کە را دوچند کنید
یک فزا بیدوش سەچند کنید
طرح شش شش دهید، باقی او
ضرب بنما، ولی بە بیست و دو
شصت و شش گشت شود
عدد هرچە میرسد انجا[٧٤]

(٥٦)

تەئریخی ویلادەتی کاوەی کوڕی ڕەضای کوڕمە لە ٢١ی مارتی ١٩٥٤ لەدایکبووە:

نەورۆزە، جەژنی کاوەیە، خۆشی بەشایەوە
گوڵخەندەران دەمی بە خەندەیی شادی پژایەوە

---

[٧٣] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.
[٧٤] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

هاتوونه لەنجە سونبول و نەسرین و یاسەمەن
نێرگس دەرات و چاوی بە عیشوە کرایەوە
سەوسەن بە نازەوە وتی: تەئریخی ئەم گوڵە
خونچەی چرۆی نیهالی هیوایە، گەشایەوە[75]
١٣٧٣هیجری

(٥٧)

تەقریظی "ئەحمەد فەوزی ئەفەندی"
بۆ دیوانی "ئەحمەدحەمدیبەگ":

گەرچی نالی و کوردیی و سالم لە دەورەی ماضییا
صاحێبی دیوانی عالی بوون لە شیعری کوردییا
گۆیی سیبقەت هەر لەناوا مابوو، مەحوی پێیگەیشت
خستیەوە مەیدان، بەجێیهێشتن لە عەصری ثانییا
دایە بەر گۆچانی تەشبیهـ و بەلاغەت، ڕایفڕاند
ئەو بەیان و ئیستیعارەی وا لە شیعری حەمدییا[76]

[75] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.
[76] سەرچاوە: "دیوانی ئەحمەدحەمدیبەگ،" دەستنووسی ئامادەکراوی نەجمەدینمەلا، ١٩٣٤.

(٥٨)

تەخمیس لەسەر شیعری حافظ

ئەتەوێ ڕێگەیی حەق بگری، وەیا ببیە مەلەک
یا لە دەس نەفسی شەیاطین خەڵاصیتە گەرەک
دامەنی ئەو کەسە بگرە، کە وتوویە بە فەلەک:
من نە آنم کە زبونی کشم از دست فلک
چرخ برهم زنم ار غیری مرادم گردد[٧٧]

(٥٩)

تەخمیس لەسەر شعری مەثنەوی

ڕوو لە قاپیی مصطەفا کە و خاکی یەثروب بگرە بەر
جا بە سۆز و گریەوە، بڕژێنە خوێناوی جگەر
تا نەمامی ئارەزووت نەشوونماکا، بێتە بەر
وەک جەنابی مەثنەوی فەرموویەتی: ئەی بێخەبەر
"گر نبودی نالهٔ نی را ثمر
نی جهان را پر نکردی از شکر"[٧٨]

بنکەی ژین

---

[٧٧] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.
[٧٨] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

(٦٠)

تەخمیسی خۆمە

طاڵبی دنیا وو دینی، هەڵمەکێشە ئاخ و ئاهـ
ڕووکەرە یەثروب، ئەبیتە خاوەنی ئیقباڵ و جاهـ
خوێندنی ئەم شیعرە، فەوزی، کافییە بۆ ئینتیباهـ
اولیا را هست قدرت از اله
تیر جسته باز گرداند ز راه[٧٩]

(٦١)

لە ساڵی ١٩٣٠دا ئەم ڕوباعییەم بۆ جەژنەپیرۆزی نووسی بۆ مەرحووم حەپسەخانی نەقیب کە لە بەغدا بوو:

گریانی بەکوڵ بۆ هەدەری خوێنی شەهیدان
فرمێسکی حەزینانەیی بێباوکیی هەتیوان
پاڕانەوە وو شیوەنی صاحێب مەڕی تاڵان
بەم ڕۆژە ئەڵێن جەژنە، نە بیللا، نە بە قورئان[٨٠]

(٦٢)

ئەم ڕوباعییەم لە بجێلەوە لە عەقرە
بۆ قائیمقام جەلال صائیب نووسی:

---

[٧٩] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.
[٨٠] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

فیتنە و فەسادی شورطە، ژیانی نەهێشتوە بۆ کەس
هەرچی ئەبینی ئەڵێ: یا خوا بێ فەریادرەس
ژیانی ئێمە لەناو ئەم چیایە، گەر مابێ
شنەی شەماڵی نیهال جەلالەددینە بەس[٨١]

(٦٣)

تەئریخی "نادی چەمچەماڵ"

ئەم نادییە ئەبینی، کە چەن ڕێکوپێک و چەن جوانە
بۆ کۆمەڵی یەکێتی و کۆبوونەوەی براکانە
تەئریخەکەی ببینە، چ ڕەنگینە وەک بەهار
ڕازاوەیە بە شەصتپەڕ و مینا و صوول[٨٢] و ڕەیحانە[٨٣]

بنکەی ژین

---

[٨١] محەممەدجەلال کوڕی مەلائەحمەد صائیب کوڕی مەلاقادری قەرەداخی‌یە (١٨٩٣-١٩٦١/٧/١٢)، خوێندەوار و کاربەدەستێکی ڕۆژگاری خۆی بووە و وەزیفەی قائیمقامیی لە ڕانیە، ئاکرێ، ڕەواندز، چوارتا، چەمچەماڵ و ئامێدی دیوە (لە بارەیەوە بڕوانە: پێشکەوتن: یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی ١٩٢٠-١٩٢٢، ئامادەکردن سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٦).

[٨٢] صوول: سوول، پلووسک.

[٨٣] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.

(٦٤)

بۆ سەر کێلی گۆڕم

کوردم، بە کوردی بووم، بە کوردی ئەژیم و مردنی من
بۆ کوردییە، بە کوردییە ئایین و دینی من
تەڵقینەکەم بە کوردی لەسەر قەبرەکەم بخوێنە، مەلا
تا نەشڵەژێ، بپرسێ مەلایک لە ژینی من[٨٤]

(٦٥)

بۆ قونسوڵی دەوڵەتی ئێران
تەبریکی نەورۆز بە فارسی:[٨٥]

آتش گرفت دی شد و بنمود رخ بهار
جمشیدوار گل به سر شاخ شد سوار
سوسن زبان گشوده به اعزاز
نوروز نو مبارک و روز تو پایدار

بە کوردی:
ئاگری نەورۆز ئیشارەی ڕۆیینی زستان ئەکا
یادگاری کاوەیە، بەرزیی وەطەن ئیعلان‌ئەکا
وا لەسەر تەختی چڵە، خونچە بە عیشوە و نازەوە

---

[٨٤] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.
[٨٥] نەجمەدین‌مەلا لە پێشەکیی ئەو چوارینەیەدا (میناى شکستە، بەرگی سێیەم، ١٩٣٥، ل٢٠١) ئەوەی نووسیوە.

جەژنەپیرۆزیی ژن و پیاوانی کوردستان ئەکا[٨٦]

(٦٦)

قوڕ بپێوم، حەقمە شینی حاڵ و باڵی خۆم ئەکەم
عەرضوحاڵچی نیم، ڕەفیقان، شینی ماڵی خۆم ئەکەم[٨٧]

(٦٧)

کردەوەی عالەم بنووسرایە لە نەخشی ناوچەوان
دەرئەکەوت ئەوسا کە مەرد و کردەوەی نامەرد چییە![٨٨]

بنکەی ژین

---

[٨٦] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.
[٨٧] سەرچاوە: دەفتەری شاعیر.
[٨٨] سەرچاوە: دەفتەری "ئەشعاری ئەحمەد فەوزی"ی ئامادەکراوی نەجمەدینمەلا.

بنکەی ژین

وێنەی چەند لاپەڕەیەکی دەفتەری شاعیر


بسم الله الرحمن الرحیم

شێواوە دڵ لەسینە بە سەرکزاوە دەگری | وەک پیرەژن ئەزیزم لەبەر دەم بادەوە دەگری
بورییەوە دوو نێرگسی شەیدا بە شەو و روژ | مەجنونە بە دووی هەوری لەیلاوە دەگری
وەک واعیق ئاوارە لە شێوگاوی فیراقە | شێواوە لە تاو دەردی بێ غەدراوە دەگری
وەک بولبولی شێتی گوڵ مەفتوونی وەساڵە | هیوادار لەدەس خونچەیە نەکراوە دەگری
گا شێتە گاهی عاقڵ گا گێژ و دەبەنگە | شەیدای بەردی عشوەی ئاوەهیدا وە دەگری
وا چەند ساڵە هەموو دەمەی بێ دەرد و کوڵە ملای | ئاوارەیە دڵ هیوای بە جێماوە دەگری
بە دام دڵی یاری قورسی کوێ سپاردم | گریاوی خەم کەغز و بە کاوە دەگری
وا شێتە هەمیشانە دەکەوتە دەروونە | دەستم گرەبەرێ شیرین بە لەحزەیی وە دەگری
تا هیوادارە بەفلەکی درماوشتە هەبرێ | دەڵێم بەحاڵی مەزاقی حەواوە دەگری

فەوزی دڵمکەم شێتی گوڵی روضەیە دونیا
با هەر بگری هیوادار لە مەحلادە دەگری

سەرخۆشە رووی ماڵە خونچەیەش هاتنە
بێ وێنە

نەشئەی بەهارە بولبول مەستانە بێ دەکەن | سەرخۆشی عەتری خونچەیە هاتانە بێ دەکەن
نەورۆزە هەژارنە سونبولو نەسرین و یاسەمەن | شەو دڵ بووە قرنفل و گوڵ خەندانە بێ دەکەن
ئارایشی زەمین دراوە بە غالیە کوێر و سوور | دەشتو هیوا گیرد بیابانە بێ دەکەن
سوسن زوبانی کردەوە بو شوکری نەوبەهار | میناو سەروو شمشاد و ریحانە بێ دەکەن
لالە شرابی شەونمی کردوتە پیاڵە وە | هەتا تونە لاو دڵچە دەوە رەقسانە بێ دەکەن
سیحانە گیرە گوڵشەنە نێرگس بە نازەوە | ساقی و چراحی وەش و پەیمانە بێ دەکەن
پەرشانەیە دلۆشە بە هەوای بای نسیمەوە | ئەم شێنەدە بەشەوە دەچن [illegible] بێ دەکەن
قومری بە دەردی یاگرتوە هەتا تونە ناوەوە | هیوادار بە ترنی ناز کاسەروی [illegible] بێ دەکەن
تا شیری نوبەهارە تە مایش کەکوند بو | هەتا تونە دەرلە خاوەو خەزانە بێ دەکەن

خوشوو دەبێ بەدیعەدە وەک [illegible] | کە دڵ تونە زیکرەوە وەک گوڵی خەندانە بێ دەکەن
تاڵی بەسەروی [illegible] | ئە عشق نیگاری کردوە بو کاسانە بێ دەکەن
سەروو هیوار عەرعەر [illegible] دەنارەوەوە | هەتا تونە رەقسی دڵچەوە کاتشانە بێ دەکەن
[illegible] شووەسیری [illegible] | فیض بارە [illegible] بێ دەکەن
مەن شێتی وەحشی دیدەمی [illegible] | صوفی بە حاڵی منی دیوانە بێ دەکەن
فەوزی لەتاوی دەردی بێ چارە [illegible] | بو تە رەقس [illegible] بێ دەکەن

تخمیسی سەر غەزەلی شێخ نووری بڕایم

جلوەگا هەر وەزە خەلوەتخانەیی جانانی شەو   جێگەیی ئیزارە سەرپۆشی دڵی عیرفانی شەو

گیسوو ئەبێ دینی عیلمیە تا ئاگری سوزانی شەو   حوڕەت بیابزە بە ئەو دڵ وەرینیەدانی شەو

بێگەهەوانا کردە گریای دەعای نالانی شەو

نەسرەوتە و نالەی دەردم گوێی مەلائیکە تەڕ ئەکا   تاگڕدی ئاهم هەر گوڵ ئاوی دەدوانی شەرتە کا

بوگروزی جگەر خەرسەیی دڵ شیوەم دەرەتەکا   دڵ ئەبێتە قطرەیی خوێن و لە دیدەم سەر ئەکا

هەرکە دابوو بە دڵا صحبتی جانانی شەو

دڵ پڕ شوێن گادی فراق و دیلی سحرای حەسرەتم   شیوەگریانی بە دائیم بوتە جرگی خەلقەتم

خوێنی لێ ئەتکێ لە هەکوانا دڵی پڕ حەسرەتم   یادی رۆ یادی دابشم ئەهو ئەشکی حەسرەتم

ئافەرین ای بارک اللە دیدەیی گریانی شەو

~~منظرەی گوڵزار~~

~~منظرەی گوڵزار و سحر و عاصەی~~

منظرەی گوڵزار و سحر و عاصەیی رەندانە هەر   گۆشەیی مەیخانە دائیم مجلسی مستانە هەر

ئەقفیش شێوەی نازو عشوەیی جانانە هەر   ئەشکی حەسرەت لازمی جێبی سیە بختانە هەر

شەو دێنی سیحر دنیای قطرەیی گریانی شەو

عاشقی شەیدا ئەهی گریانو شێوەی حەسرەتە   دڵ لە پەیوەندی فراقو پێ لەکۆتەی ئەگستە

هەڵبوەری شێتانەی بوتی خوێناوی قسمتە   لۆرەمالم پێچی زلفی خەتا تە رخستە

لا ئەکا طبعان محالە رخصەتی میوانی شەو

قەومی دڵ ئەگەر دەتو ئەهی گریانو دەردو حەسرەتە   دڵ بە داخی ئەگەر شیتی پێ لە کۆتەی ئەگسپتە

تا ئەگەڵ شێتی خوێنی دیی بەر گاریەم مەدینە   ئەوەی لالم پێچی زلفی خەتانت رخستە

لا ئەکا طبعان محالە رخصەتی میوانی شەو

تخمیسی سەر غەزەلی حەمدی (رەحمەتی خوای لێ بێ)

بو گزینی سەمای ئاشقە هەتوم کە دەرتە جیارە   ئەوشعلە بە فەد دەر ئەکە دڵ جلوەیی یارە

عاشق پێشی هەر دەر دەوری خوڵ زیت زارە   بو دیدەیی جانانە عجب بوتە بیارە

گاهی بشکند دفەر و گاهی بە طیارە

دڵ شیدیکە دڵ ...

دل لە ناو دیدە بە محبت ئەنە لوتە و خال ئەبێ   هەر زەڕەیە قەطرە مشق عشق دلبەری یا ناگری

نشئەی بێ بادەی محبت دل لە عالەم وەرنەگا   بێ شرابی عشق لەشقەوە ماڵی لاناوی

سەر لە جێگەی بێ بشیو حیا محبت بگرە بەر   ~~بشیو~~ بێ یار ئەوە دڵ رەنگە بێ محبت ئەنە بێ سوناگری

بوبە دلبەر دڵی برد تا یادی عمری ئەوە نەگا   ~~[illegible]~~

~~[illegible]~~

~~[illegible]~~

شەری بوو دڵیش دە ئێرە ئەوە بێ جیا دەی   بوگوشتنی او ئانی کە دتونە تە نا دڵ دەی

گولە سورە جوانە کرێ بەیە بێ غنچەو ئەوانم   خودا جەستە ولانی ساقی بینیە صوانم

نرخی دنە وشەی بێ حکیتە لەبێ عطری زلفە کانی   مانزاو لعلی شکانی سورای لعوە کانی

ئەزرکە کانی الی ادە ودەی زنگیو حبشە   رەزری رەدتی بێشیوە او کا کوزە بار دەرەتە

بێ چی لەسەر دەست لادە باردۆز رەدت دەرکەوی   نانشوقە رەزرە نوینی شعلە ~~[illegible]~~ کو لمتە سەرکەوی

ساقی بە عشق جیاوی دشوخ نازنینە   بینە شرابی گولرنگت الحمد دلی غمگینە

گیژ دەو بێگونادم اسیر زلفی یارم   شیتی عشوەی نگارم شبو دەوانە دلدادم

وکو مجنون بە دلیم دیاری عشوەی لیلا خوم   لەو ئاودووکانی بە دەرد و جەش نزیک جیا خوم

دی بارانی لەسەر شعر ١٧ حەمە شاکر بە تکنیک

غیرە قاپی رحمت هیچ کو الهی نابینین   نعمتی تو گرنە بێ حق رەهبەرە تابینی ئەبین

مرحمت کە ای خودایا شیخ فخر المرسلین   هەر دە رحمت هینە جیشی ئەو زن عینی چیف

دڵت دە دە ورشا خوجیا تیڵادکە رب العالمین

ردی زەمینی بێ رەونقە اێرەدکە دختی سەرشتم   سە زەرە گیا تینی ئەما لالەو لە تیموانارەتە

کە لە لطف و شفقتی تو بالای بێ بەشە   ئادەمیزاد گرچیە عاصی بێ گناە و دردەتە

بێ گونا هەر وورە دە گیا نداە گرد گیا تکزەمین

رباعیێکی مصطفی فقێ سعید

کە ئادەوەری لەخوارە بانگ ئەکا ای خلقە هەلادە   بەحالێ دڵ لەگوی بگرن قصەکانم جیدەبێ زادە

جیرت بێنو گدای بێ هەرکس دە جێ لە طوری خوی   بە لایم توش زلتە دی لکونا سر بەدە خوارە

تخمیس لە گۆرەی مەحوی

ڕەدلەتی پیرە مەعطوفە کە خاکی شەرەب بگرە بەر — جامی جۆشی گرە دە زەبینە خۆیبادی هەگر
تا نەمامی ئارەزووت تشوونما کا وسبتە بەر — گرێ نەبووبێ نالەی نای غمر

نە جهانی ئێرە نەکردی

ڕەدلەتی پیرە مەعطوفە وخاکی شەرەب بگرە بەر — جامە گوزەرگیرەدە زەبینە خۆیبادی هەگر
تا نەمامی ئارەزووت نشوونما کا بیتە بەر — دکە جنابە مثنوی فەرمووتە ای بێ خبر
گرێ نەبووبێ نالەی مێتر غمر — زێر جهانی ئێرە نەکردی ئاز شەکر

تاریخ وفاتی شێخ محمود شێخ بەسە لەطرف شێخ نوری شێخ صالحەوە بێژراوە

ئەمە، شەوشا هەیە ئاواتی کوردی بیوە ئاوابە — کەوام قەگرە بەزەخو یاگو بڕیوەی بەتاوابە
دەلماتی هەژانی بیدە تا دەمردن پگیانوەدل — بەگوێی ئامالی پڕ ئاواتی کوردا دیاخو شێتابە
کە دانەیئوش بەخوێنی دیوە سالی کوچی ئاوم شاهە
ئەبۆسە (ڕۆژی عالەم گرییا کوردستانە ئاوابو)
١٣٥٦

٩٥٦
قوربەسیوم خەمیشی حالوەڵە خۆم ئەکەم — عوضی ئیلمی بشم ڕضیقانی شێتی حال خۆم ئەکەم

بنکەی ژین

چەند لاپەڕەیەکی "ئەشعاری ئەحمەد فەوزی"- نەجمەدینمەلا


ـ ١ ـ

اشعاری احمد فوزی افندی کوری حاجی شیخ

تخمیسی احمد فوزی لە سەر غزلی شیخ نوری

جلوەگاهی نورە خەلوەتخانەیی خاصانە شەو
جیلوەیی اسرارە سەرپۆشە دلی عرفانی شەو
گێتوە سووتێنی بلێسەی آگری سۆزانی شەو
خۆت بپارێزە لە آهی دل برینداراني شەو
نەک خوا ناکردە گیرابی دوعای نالانی شەو

دل بە شۆکاوی فراق و دیلی سەحرای شورەبەختم
شێت و گریانی بە دائیم بۆتە جزئی خلقتم
خوینی لێ نەتکێ لە هجرانا دلەی پرر محنەتم
یا وەرو یارو نەبینم آه و ئەشکی حسرتم
آفرین ئەی بارکەلا ئەی دیدەیی گریانی شەو

— ٢١ —

احمد فوزی سالی ١٩٥١ م

لە سینەم دەنگی واوەیلایە ئەم شەو
ئەلێی تشریفی دولبەر نایە ئەم شەو
سەرم سەنتوورە سینەم وەک کەمانە
چریکەی دڵ وەکو نەی وایە ئەم شەو
وەکو وامق لە خوێنا دڵ ئەگەوزێ
شەهیدی غمزەکەی عذرایە ئەم شەو
قەسەم بەو چاوو ئەبرۆی نازەنینت
لە دووری تۆ دڵم شەیدایە ئەم شەو
بە نووری عشقی یار ئەگری وجودم
لە مجلس دا وەکو لەمپایە ئەم شەو
جگەر ئەبڕێ إشارەی چاوەکانی
چ سەربەستە چ بێ پەروایە ئەم شەو

بنکەی ژین

سوکواری احمد فوزی لە وفاتی کمال اتا تورک دا

کوردێکی شمال لە مش بە خوێنەوە
روو بە پێنکەنین دەم بە جوێنەوە
ئەهات بە رێدا وەک تیرە ئەفری
خوێنی مظلومی لە رووی ئەسرری
بانگی کرد کوردان شین بووبە شایی
مژدە بێ لێتان باوکی تورکان رۆیی
أبو جهلی کورد شدّادی ناکام
[تبت یداه] تا آخر کەلام
رۆیی بۆ سەقەرجێ ی خۆی لەوێ گرت
کورد رزگاری بوو لە دەست جرت فرت

بۆ تاریخەکەی ئەم وەهایە

کوردان بە یەکدەم بکەن هەرایە

گەل گەل بێ و بچن بڵێن بە یەکدەم

روح اتا تورک چوبە جهنم

٢١٤ + ٤٠٢ + ٦٢٦ + ١٧ + ٩٨ = ١٣٥٧

تاریخی کۆچی اتا تورک کمال

بە حسابی ابجد

بنکەی ژین



وێنە



ئەحمەد فەوزی

١. چرۆ شێخ ڕەزا ٢. ئەحمەد فەوزی ٣. کاوە شێخ ڕەزا

ئەحمەد فەوزی

١. نازەنین (کچی شاعیر و هاوسەری شەهید شەهاب) ٢. عەتێخان (هاوسەری شاعیر)٣. کاوە شێخ ڕەزا ٤. نەسرین (کچی شاعیر)

١. شێخ ڕەزا (کوڕی شاعیر) ٢. چرۆ شێخ ڕەزا
٣. عەتێخان ٤. کاوە شێخ ڕەزا- ١٩٥٩/٣/٢ بەفرەگەورەکە

١٩٥٦/٩/٢٥ بە موناسەبەتی هاتنی وەلیعەهدەوە لە دەربەند [ی بازیان]

١. شێخ ڕەزا (کوڕی شاعیر)٢. ئافتاب سەیید هادی (هاوسەری شێخ ڕەزا)
٣. ئەحمەد فەوزی ٤. کامەران شێخ ڕەزا (لە باوەشی ئەحمەد فەوزی‌دا) ٥. چرۆ
شێخ ڕەزا ٦. کاوە شێخ ڕەزا ٧. نازەنین (کچی شاعیر و هاوسەری شەهید شەهاب)
١٩٥٦/٩/٢٠

١. بەدیعە (کچی شاعیر) ٢. عەتیۆخان ٣. چرۆ شێخ ڕەزا

٤. ئەحمەد فەوزی ٥. کاوە شێخ ڕەزا

١٩٥٦/٣/١٨ گەڕەکی شێخان- سلێمانی